# پرۆژەی توێژینەوەی جیهانی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

---


خاوەنی ئیمتیاز
دەزگای ئایدیا

لێپرسراوی دەزگا
ئەنوەر حسێن

سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەرسەلان حەسەن

2016

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea
053 330 0391 - 0770 195 5044

ناوی کتێب: گەشتی دووورودرێژی ئەتۆمی ئێران تێچوون و مەترسییەکان
بابەت: توێژینەوەی سیاسی و ئابوری
ناوی نووسەر: عەلی فائیز و کەریم سەجادپور
وەرگێڕانی: سۆران عەلی
هەڵەچن: نیاز جەمال - نیاز کەمال - کەیوان عومەر
دیزاین: ئومێد محەمەد
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000دانە
ساڵی چاپ: 2016
نرخ: 3000 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن (1038)ی ساڵی 2016 ی پێدراوە

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (105)

# گەشتی دوورودرێژی ئەتۆمی ئێران

## تێچوون و مەترسییەکان

عەلی فائیز و کەریم سەجادپور
وەرگێڕانی: سۆران عەلی

# پێڕست


پوختە.............................................................................................9

پێشەکی.........................................................................................11

دروستکردنی قەیران.........................................................................15

نالۆجیکی پیتاندنی یۆرانیۆم لە ناوخۆدا.................................................34

وزەی ئەتۆم: ئاسایشی وزە یان نا ئاسایشی...........................................42

زیانی بەراوردکاری...........................................................................51

ئاگادارکردنەوە گوێ لێنەگیراوەکان......................................................55

کاریگەرییەکان لەسەر ئاستی سیاسەتەکان...........................................63

پاشکۆکان.......................................................................................75

## پرۆژەی
## توێژینەوە جیهانییەکان بۆچی؟

توێژینەوە جیهانییەکان، زنجیرەیەك نامیلکەی تایبەتە بە رو‌داو، ئاڵوگۆڕ، کێشە، قەیران، پەرەسەندنە سیاسی و ئابورییەکانی جیهان، کە ناوەندە سیاسی و ئابورییە زەبەلاحەکانی بەخۆیەوە سەرقاڵکردووە و بەردەوام لێکۆڵینەوەی ورد و زانستی و ئاکادیمییان لەسەر دەکرێت، بە مەبەستی باشتر درککردن بە رەوشی قەیرانەکان و دۆزینەوەی رێگاچارەی گونجاو بۆ چارەسەر، یان زاڵبوون بەسەریاندا.

روداوە سیاسییەکان و ئاڵوگۆڕە ئابورییەکان، پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤ لە هەر کوچەو سوچێکی ئەم جیهانەدا، کاریگەرییان لەسەر کۆی سیستمە سیاسییە لۆکاڵ، یان گلۆباڵەکان دروستکردووە. جا هەندێك لەوانە سروشتی یان خۆرسکن هەندێکیشیان بەهۆی دەخالەتی وڵاتانی زلهێزی سیاسی و ئابوری و سەربازییەوە رودەدەن (لە بابەتی پیلانگێڕی و کودەتای سەربازی و دەخالەتی ئابوری و سەرمایەداری) یان بە ئارمان و ئامانجی سیاسی جۆراوجۆر. لە

ماوەی سەد ساڵی رابردوودا، لەسەر گۆی زەوی گەواهی ئاڵوگۆڕی چاوەڕوانکراو، یان چاوەڕواننەکراو بووبن، کە هەندێکیان خزمەتی مرۆڤایەتییان کردووە و هەندێکیشیان بوونەتە هۆی شەڕو کوشتاری بێ ئامان و ماڵوێرانکەر، کە بە ملیۆنان مرۆڤ گیانیان لەدەستداوە.

جیهان لەسەر دەستی زلهێزەکان و کارتێلە گەورەکانی بواری سەرمایە، وزە، نـەوت، سەربازی و هەژمونی وڵاتانی خۆرئاوای سەرمایەداری، ئەوانە و هەژاری و نەداری و سیستمی تۆتالیتار و میلیتاریستی وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە ئاسیا و ئەفەریقا و وڵاتانی خۆرهەڵاتی ئەوروپای کۆن و بەشێك لە وڵاتانی ئەمەریکای لاتین، پڕە لە جینایەت و کردەوەی دڕندانەی سەرکوت و داپڵۆسین و لەسێدارەدان و کودەتای سەربازی و برسیکردن و هەژارتربوونی هەژارەکان و سیستمی زاڵی دیکتاتۆرییەت و ژیانی مەمرەو مەژی.

پاشماوەکانی جەنگی سـاردی نێوان بلۆکی سەرمایەداری و سۆسیالیستی هێشتا ئاسەواری بەسەر جیهاندا ماوەو تادێت وڵاتانی جیهان زۆرترو زیاتر خۆیان پڕ چەك دەکەن و لەهەوڵی بەدەستهێنانی چەکی ناوەکی و ئەتۆمی زیاتردان و کۆمپانیاکانی چەك فرۆشتن رۆژانـە مۆدێلی نوێ و تازەتری چەك و فڕۆکە و کەشتیگەلی مەترسیدارو گرانبەها دەخەنە بازاڕی ململانێکانەوە.

لەسەر ئاستی جیهان فایلی گەرم و گوڕو پڕ کێشە و قەیران بەردەوام روودەدەن و دووبارە دەبنەوە، لە بابەتی شەڕی نیمچە کیشوەری هندستان و پاکستان، کێشە و ململانێی نێوان سریلانکا و پڵنگەکانی تامیل، کێشەو هەژاری لە بەنگلادیش، شەڕی گروپە ئیسلامییە رادیکاڵەکانی ئەفغانستان، کشمیری پڕ لە پشێویی، هەروەها قەیرانەکانی نێوان هندو پاکستان و چین درێژەی هەیە.

لە ئاسیا، ئەفەریقا شەڕو کوشتاری هێزە شیعی و سوننیەکان لە عێراق، یەمەن، سوریا، ئەفغانستان و لوبنان تادێت ژمارەی کوژراو قوربانییەکان روو لە زیادبوون دەکـات. لەسەر دەستی گروپە ئیسلامییە رادیکاڵ و فەندەمێنتاڵەکان، کە لەلایەن عەرەبستانی

سعودیە، قەتەر، تورکیا و کۆماری ئیسلامی ئێران هاوکاری و باربوو دەکرێن و بەرییانداوەتە گیانی یەکترو هەر ئەم گروپە ئیسلامییانەن بوونەتە مایەی شەڕو کوشتار و جەنگێکی ماڵوێرانکەر لە عێراق، ئەفغانستان و سۆماڵ و فەلەستین و مالی نەیجیریا و تادەگاتە رادەی ئاستی مەترسی تیرۆر و کوشتار لە پاریس، واشنتۆن، رۆما، لەندەن و مەدرید.

هێشتا فرۆکەکانی وڵاتانی زلهێزو ژێردەریایی و کەشتیگەل و بنکە سەربازییەکانیان لەمسەر بۆ ئەوسەری جیهان دەفڕن و لەئاوە نێودەوڵەتییەکان دەسوڕێنەوە باشتر دادەمەزرێن و هەڕەشەی زۆرترو زیاتر لە جیهان دەکەن و بـەردەوام دوکەڵی بۆمبەکانیان بەسەر ئاسمانی وڵاتانی هەژارو بێ دیفاعی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست رەش دەچێتەوە.

ئەم زنجیرە نامیلکەیە، ئاشناکردنی خوێنەری کـوردە بەو روداوانــەی کە بیەوێت یان نەیەوێت، کاریگەری لەسەر رەوشی سیاسی کوردستان جێدەهێڵن.

دەزگای ئایدیا ئەم هەنگاوەی لەو پێناوەدایە کە خوێنەری کورد ئاشنا بکات بەو ئاڵوگۆڕە باش و خراپانە و روانگە و تێڕوانینی فراوانتر بکات، کە جیهان بە تەنها بریتی نییە لە روداوگەلێکی لۆکاڵ کە لەناوخۆمان یان لە دەوروبەرمان دەگوزەرێت. بەڵکو رووداوەکان فۆڕمی گلۆباڵیان وەرگرتووەو کاریگەرییان لەسەر هەموو جیهان داناوەو سیستەمی گلۆبالیزەیشنیش هێندەی تر ململانێکانی ئاڵۆزترو توندتر کردووە.

بەو ئومێدەی ئەم زنجیرە نامیلکەیەی دەزگا ئایدیا هەوڵێك بێت بۆ دانانی کاریگەری باشتر و تێگەیشتن لەو روداوانەی لە جیهاندا دەگوزەرێن.

**پرۆژەی تـوێـژیـنـەوەی جـیـهـانـی**
**دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە**

## پوختە

گەشتی دوورودرێژی ئەتۆمی ئێران، کە نیو سەدەی بە سەردا تێپەڕیوە، تێچوونێکی دارایی زۆر و مەترسی پێشبینی نەکراو و پاڵنەری ناڕوونی هەبووە. مێژووی نهێنی ئەم بەرنامەیە، کە هاوکات بوو لەگەڵ قەدەغەکردنی رووماڵی کراوەی میدیایی بۆ مەسەلەی ئەتۆمی لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە، بووە هۆی ئەوەی گفتوگۆیەکی ناوخۆیی لە بارەی بنەمای لۆژیکی بۆ ئەژمارکردنی تێچوون – سوودەکانی تایبەت بە بەرنامەکە نەکرێت کە پێویستییەکی زۆری هەبوو. پرسیارێکی زۆریش سەبارەت بە سەلامەتی و کاریگەرییە ئابوریەکانی بەرنامەکە بە بێ وەڵام بەجێهێڵراوون.

### لەسەر ئەرزی واقیع: تێچوون و مەترسییەکان

• تێچوونی بەرنامەکە – بەراورد بە وەربەرهێنانی بیانی و داهاتە ونبووەکانی نەوت - 100 ملیار دۆلاری تێپەڕاندووە.

• وێستگەی بوشەهر پێویستی بە نزیکەی چوار دەیە هەبووە بۆ بنیاتنان و تێچوونەکەشی گەیشتۆتە نزیکەی 11 ملیار دۆلار (بەراورد بە نرخی ئێستای دۆلار)، کە ئەمەش وایکردووە ببێتە یەکێك لە پڕتێچووترین وێستگەکانی جیهان.

• وێستگەی بوشەهر تەنیا 2%ی پێداویستییەکانی ئێران لە وزە دابین دەکات، لە کاتێکدا 15%ی ئەو وزەی کارەبایەی وڵاتەکە بەرهەمی دەهێنێت لە رێی هێڵە کۆنە باش چاککنەکراوەکانی گواستنەوەوە بەفیڕۆ دەدرێت.

• سەرەڕای خواستەکانی ئێران بۆ بەدەستهێنانی خۆژێنی، بەڵام سەرچاوە رێژەییە کەمەکانی لە یۆرانیۆم، دەبێتە رێگر لەبەردەم ئەوەی ببێتە خاوەنی بەرنامەیەکی خۆماڵی وزەی ئەتۆم.

• ئێران تەنیا دەوڵەتە کە رێککەوتنی ئاشتی ئەتۆمی ئیمزا نەکردووە، هەروەها کەلوپەل و عەمبارە ئەتۆمییەکانیشی لەوانەن کە کەمترین ئاستی خۆپارێزییان تێدایە لە جیهاندا.

• لە هەموو ئەوانەش خراپتر، کـوورەی ئەتۆمی بوشەهر دەکەوێتە سەر یەکتربڕینی سێ پلێتی (چینی) تەکتۆنی.

## کاریگەرییەکان بەلای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانە هاوڕاکانیەوە لەسەر ئاستی سیاسەتەکان

گوشاری ئابوری یاخود هێزی سەربازی ناتوانێت بەرنامە ئەتۆمیەکەی ئێران «رابگرێت»: چونکە پەیوەستە بە شانازییەکی زۆرەوە (هەرچەندە ئەوەش بۆ لە خشتەبردن بێت)، بە ئاسانیش دەتوانرێت تێچوونە زۆر و زەوەندەکان فەرامۆش بکرێن.

هەرگیز مەسەلەی ئەتۆمی بە تەواوی چارەسەر ناکرێت، بێ چارەسەرێکی سیاسی فراوانتر: تاکە چارەسەری بەردەوامیش بۆ زامنکردنی هێشتنەوەی بەرنامە ئەتۆمیەکەی ئێران تەواو بە ئاشتی، لە چارەسەرێکی دیپلۆماسیدایە کە بە شێوەیەکی هاوبەش سازانی لەسەر بکرێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەش، کە ئاشتەوایی سیاسی چاوەڕوانکراو نییە، ئەوا پێویستە ئامانجەکە خۆی لە بەدەستهێنانی بڕێك لە کرانەوەدا ببینێتەوە.

بـژاردەی دیکە هەیە و پێویستە رۆشناییان بخرێتە سەر: بۆ نمونە، مەزەندە دەکرێت توانای وزەی خۆر لە ئێران بە رێژەی 13 هێندە، لە کۆی پێداویستیەکانی لە وزە زیاتربێت. لەڕێی پێشکەشکردنی تەکنیکی پێشکەوتووی وزەی جێگرەوەی ئێرانەوە دەکرێت پێشینەیەك بۆ ئەو دەوڵەتانەی دیکەش بچەسپێندرێت کە خوازیاری وزەی ئەتۆمین.

پێویستە دیپلۆماسیەتی گشتی تەواوکەری دیپلۆماسیەتی ئەتۆمی بێت: پێویستە هەوڵەکان ئەوە بۆ ئێرانییەکان روونبکەنەوە کە بوونی ئێرانێکی گەشەکردو و یەکگرتوو – نەك ئێرانێکی لاواز و پەراوێز خراو – بە یەکێك لە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا دادەنرێت. هەروەها دەبێت واشنتۆنیش ئەوە روون بکاتەوە کە ئێرانییەکان پێکەوە چیان لە چارەسەرێکی ئەتۆمی مامناوەنددا دەستدەکەوێت (جگە لە کەمکردنەوەی سزاکان و هەڕەشەی جەنگ)، هەروەها ئەوەش شیبکاتەوە کە چۆن گرتنەبەری رێچکەیەکی ئێرانی ئاشتەواییتر ئابوری وڵاتەکە باش دەکات و توانا تەکنۆلۆجیەکانی بە هێز دەکات بە توانای ئەتۆمی ئاشتیانەشییەوە.

## پێشەکی

بەرنامە ئەتۆمییە ناکۆکی ئامێزەکەی ئێران بۆ زیاتر لە دەیەیەك هەژموونی بەسەر شانۆی نێودەوڵەتییەوە هەبووە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانە هاوبیرەکانیشی، بەبێ ماندووبوون کاریان کرد بۆ ئەوەی زۆر لە ئێران بکەن چالاکییە ئەتۆمییەکانی بوەستێنێت و پابەندی بکەن پێوەی. چونکە بەرنامەکەی بۆ پیتاندنی یۆرانیۆم و هەوڵەکانی لەپێناو بەدەستهێنانی توانای هێنانەکایەی سوڕێکی ئەتۆمی تەواو، نیگەرانییەکی تایبەتیان دروستکردبوو. بەدەستهێنانی ئەم تواناییانە مانای ئەوەیە ئێران دەتوانێت سووتەمەنی بداتە هەریەك لە وێستگەکانی بەرهەمهێنانی وزە و بۆمبە ئەتۆمییەکان. بەڵام دانوستانەکان و سزا ئابوری و سیاسیەکان و کردەوە تێکدەرانە نهێنیەکان و هەڕەشە سەربازییەکان، لە باشترین باردا کاریان بۆ ئەوە کردووە بەرەوپێشچوونی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران دوابخەن.

لە شوباتی ساڵی 2013دا، ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم (IAEA)، مەزەندەی کرد عەمباری ئێران لە ماددەی کەرتبووی پوختە گەشەی کردبێت بۆ نزیکەی 7 تۆن لە یۆرانیۆمی پیتێندراو بە ڕێژەی 5% و 167 کیلۆگرام لە یۆرانیۆمی پیتێندراو بە ڕێژەی 20%. دواپێشهاتییان بە شێوەیەکی تایبەت مایەی نیگەرانییە، چونکە عەمباری پیتێندراو بە ڕێژەی 20% بە (زیاتر لە 90%) کاتی پێویست بۆ دەستکەوتنی ماددەی کەرتبوو، بۆ دروستکرنی چەکی ئەتۆم لە یۆرانیۆمی سروشتی کەم دەکاتەوە. ئەو ماددەیەش کە ئێستا ئێران کۆیکردۆتەوە، ئەگەر بە ڕێژەیەکی بەرزتر بپیتێندرێت، دەکرێت بەشی دروستکردنی پێنج بۆمبی ئەتۆمی بکات. هەروەها ئەوەی مایەی نیگەرانی زیاترە ئەو راستییەیە کە ئێران دەستیکردووە بە دانانی ئامێری زیاتر دەرکردنی ناوەندی لە دامەزراوەی ناتانز بۆ پیتاندن، کە دەکرێت ئەم کارە

تواناکانی لە پیتاندنی یۆرانیۆم بە شێوەیەکی زیاتر بەرزبکاتەوە.

لە کاتێکدا کە پەیماننامەی رێگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆم (NPT)، رێگە بە ئێران دەدات وزەی ئەتۆمی ئاشتیانە و مەدەنیانە بەرهەم بهێنێت، کرۆکی بابەتەکە ئەوەیە ئایا ئێران پابەندی ماددەی 2ی پەیماننامەکە بووە کە چالاکی پەیوەندیدار بەچەکی ئەتۆم لە دەوڵەتان قەدەغە دەکات. دەشتوانرێت هەمان ئەو تەکنۆلۆجیایەی یۆرانیۆمی نزم پیتێندراو بۆ کووره ئەتۆمییەکان بەرهەم دەهێنێت، بەکاربهێنرێت بۆ بەرهەمهێنانی یۆرانیۆمی بەرز پیتێندراو بۆ چەکی ئەتۆم.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئیسرائیل ئەگەری پڕچەکبوونی ئێرانیان بە چەکی ئەتۆم بە «قبوڵ نەکراو» و «هەڕەشە لەسەر بوون» وەسفکردووە. لە هەمانکاتدا ئێران چەندین جار، بەرنامە ئەتۆمییەکەی کە سوورە لەسەر ئەوەی ئاشتیانەیە، بەوە وەسفکردووە کە «مافی گەلە و بۆ گفتوگۆ نییە» و سیمبولی تازەگەری و ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆجیایەیە کە بەلای ئەوەوە هاوتایە بە چوونەسەر مانگ. سەرەڕای کۆت و بەندە رەگداکوتراوەکان لەو راپرسیانەدا کە لە کۆمەڵگە داخراوەکان لەڕێی تەلەفۆنەوە ئەنجام دەدرێن، ئەوا لێکۆڵینەوە بنکۆڵکارییەکان بە زۆری ئەوە دەردەخەن کە زۆرینەی ئێرانییەکان پێیان باشە وڵاتەکەیان بـەردەوام بێت لە پەرەپێدانی بەرنامەیەکی مەدەنیانەی وزەی ئەتۆم. هەروەها سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆنیش کە حکومەتی ئێران بە «دنەدەران» وەسفیان دەکات، دووپاتیان کردۆتەوە کە پێویستە پارێزگاری لە مافی ئەتۆمی ئێران بکرێت.

حکومەتی ئێران رووماڵی میدیایی کراوە بۆ مەسەلەی ئەتۆمی قەدەغە کردووە، کە ئەوەش گفتوگۆیەکی ناوخۆیی زۆر پێویستی کپکردۆتەوە سەبارەت بە بنەمای لۆجیکی ئەژمارکردنی تێچوون –

سوودەکان لە پشت ئەجێندای ئەتۆمی وڵاتەوە. پرسیاری گرنگ لە بواری گشتیدا نەخراونەتەڕوو، هەروەها وەڵامدانەوەشیان.

پرسیاری وەك: قەبارەی خەرجی ئەتۆمیی ئێران لەڕووی داراییەوە چەندە؟ بۆچی ئێران پێویستی بە وەبەرهێنانە لە تەکنۆلۆجیای سەرەتاییدا وەك بە کانزاکردنی یۆرانیۆم و گۆڕینی و پیتاندنی و وێستگەکانی دروستکردنی سووتەمەنی؟ ئایا توانای ئەتۆمی، خۆژێنی لە وزە بۆ ئێران لە مەودای دووردا مسۆگەر دەکات؟

هەروەها روون نییە، بارودۆخی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران لە چیدایە بە بەراورد لەگەڵ بەرنامەی وڵاتانی دیکە؟ بارگرانی ژینگەیی وزەی ئەتۆم چییە؟ ئاستی ئاسایش و سەلامەتی کوورەکانی ئێران و دامەزراوە ئەتۆمییەکانی لە چیدایە؟

بەڵام ئەو پرسیارانە پێویستیان بە وەڵام هەیە. یەکەم خاڵی گونجاویش کە دەکرێت دەستی پێ بکرێت مەزەندەکردنی تێچوونی هەوڵەکانی ئێرانە بە درێژایی نیو سەدە بۆ بەدەستهێنانی تەکنۆلۆجیای ئەتۆمی. لە کاتێکیشدا کە زۆربەی بەرنامە ئەتۆمییەکان ناڕوونن لە رووی داراییەوە، ئەوا چەندین ساڵ لە چالاکی نهێنی وادەکات هەڵسەنگاندنی بابەتیانە بۆ خەرجییە ئەتۆمییەکانی تاران بە شێوەیەکی تایبەت، مەسەلەیەکی قورس بێت. سەرباری ئـەوەش، بەرنامە ئەتۆمییەکە خەرجی ناڕاستەوخۆی بەسەر ئابوری وڵاتدا سەپاندووە لە شێوەی سزای زۆر و زەوەندی بوارەکانی دارایی و تەکنۆلۆجیا و وزە دا. بە پکشنینی زانیارییە بەردەستە ئاشکراکان و دیداری کەسایەتییە دیارەکان، هێڵە گشتییەکانی تێچوونە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکان بەرجەستە دەبن. سوودە ئابوریەکانی وەبەرهێنان لە تەکنۆلۆجیای سەرەتایی و سووربوون لەسەر پیتاندنی یۆرانیۆم لە ناوخۆدا شایانی هەڵسەنگاندنن، ئەوەش بە پشتبەستن بەوەی کە ئێران خۆی بڕیار لە سەرچاوەکانی یۆرانیۆم و تواناکانی لە پاڵاوتنی یۆرانیۆم و دروستکردنی سووتەمەنی دەدات.

حکومەتی ئێران چەندین بیانو و پاساو بۆ هەوڵەکانی پیتاندنی یۆرانیۆم لە ناوخۆیدا دەهێنێتەوە. یەکێك لەو بیانوانەی کە زۆرجار بەرپرسە ئێرانییەکان بەکاری دەهێنن، خۆی لـەوەدا دەبینێتەوە کە وزەی ئەتۆم بواریان دەدات بڕێکی کەمتر لە نەوت و گاز لە ناوخۆدا بەکاربهێنن، لەبەرامبەردا، ئەو بڕەی پاشەکەوت دەکرێت هەنارده دەکرێت بۆ بەدەستهێنانی سوودێکی ئابوری گەورەتر. بەڵام دەستکەوتە ژینگەیی و تەکنەلۆژیەکانی وزەی ئەتۆم لەسەر کەرتی هایدرۆکاربۆنات و تواناکانی وزەی نوێبووەوەیە کە ئێران هەیەتی.

سەرەڕای ئەوەش، ئێران یەکەم وڵاتی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستە وزەی ئەتۆم بخاتە خزمەتی بەرهەمهێنانی وزەی کارەباوە، ئەوا دراوسێکانی، بە دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو و شانشینی عەرەبی سعودیە و شانشینی بەحرەین و دەوڵەتی کوەیت و سوڵتاننشینی عومان و دەوڵەتی قەتەر و میسر و یەمەن، بەڵێنیانداوە، بێ ورەییانە، هەمان ئەو هەنگاوە بنێن. شیکردنەوەیەکی بەراوردکارانەش ئەوە ئاشکرا دەکات، کە بە پێی بنەمای تەکنۆلۆژیا و ئابوریانە، پێدەچێت وێستەگە ئەتۆمییەکانی ئێران – تا رادەیەکی زۆر – کۆن بن و زیادەڕەوی لە نرخەکەیاندا کرابێت، بە بەراورد بە کوورەی ئەتۆمی وڵاتانی دیکە لە هەمان ناوچەدا.

لە پاش ئەوکارەساتە سروشتییە ئەتۆمییەی بەسەر وێستگەی وزەی ئەتۆمی فۆکۆشیمای ژاپۆن بۆ بەرهەمهێنانی کارەبادا هات، ئەو مەترسیانە وروژان کە لە زۆر کۆنەوە هەبوون سەبارەت بە سەلامەتی دامـەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران و ئاسایشییان. بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی تۆبۆگرافیای ئێران کە لە بـەردەم ئەگەری روودانـی بوومەلەرزەدایە، ئەوا زۆرێك لە دروستکەرانی را لە ئێران پرسیار لەبارەی سیاسەتی ئەتۆمی ئێرانەوە دەکەن. بەم پێیەش ئامادەیی وڵاتەکە بۆ روبەڕووبوونەوەی باری نائاسایی ئەتۆمی مەسەلەیەکی دیکەیە کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی هەمەلایەن هەیە.

تێڕوانینێکی قووڵ بۆ ئەم مەسەلە گرنگانە، دەتوانێت ئامڕازێکی کاریگەر بۆ دیپلۆماسیەتێکی گشتی لەسەر ئاستی میللی بۆ کۆمەڵی نێودەوڵەتی دابین بکات. گەلی ئێران تا رادەیەکی زۆر لە گفتوگۆی ئەتۆمی لادراوە. جەماوەرێکی ئێران رۆشنبیرتر لە بارێکی باشتردا دەبێت بۆ حوکمڕانی، لە سوودی بەرنامەیەکی ئەتۆمی، کە تا ئێستا تیچوونەکانی زۆرن – بە پلەی یەکەم بەلای ئێرانیەکانەوە – دڵنیاییش سەبارەت بە سوودەکەی نییە. هەروەها دەکرێت ئەو بابەتانەی کەمتر جێی مشتومڕن، وەکو سەلامەتی و ئاسایشی ئەتۆمی یاخود سەرچاوەکانی وزەی جێگرەوە، گفتوگۆ دیپلۆماسییەکان فراوانتر بکەن، ئەویش لە هەوڵێکدا بۆ کردنەوەی گرێکوێرەی قەیرانی ئەتۆمی ئێران.

## دروستکردنی قەیران

### چەمکی بەرنامە ئەتۆمییەکە لەسەردەمی حوکمڕانی شادا (1979-1957)

دەتوانرێت سەرەتاکانی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران، لە ساڵی 1957 وە بەدی بکرێت. یەکێك لە جیاوازییەکان ئەوەیە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا – پشتیوانی ستراتیجی سەرەکی تاران لەوکاتە دا – خۆی تۆوی پەرەپێدانی بەرنامەیەکی ئەتۆمی چاند بە ئیمزاکردنی رێککەوتنێك لەگەڵ ئێران بە سەرپەرشتی دەستپێشخەرییەکەی دوایت ئایزنهاوەری سەرۆکی ئەمەریکا «ئەتۆم لەپێناو ئاشتیدا». کۆمپانیای «ئەمەریکان ماشین ئاند فاوندەری» (American Machine Foundry) ئێرانی، بە یەکەم پێداویستییە ئەتۆمییەکان تەیارکرد لە زانکۆی تاران، ئەویش لەڕێی کوورەیەکەوە کە تواناکەی (5) مێگاوات و تێچوونەکەی یەك ملیۆن دۆلار بوو. هەروەها کۆمپانیایەکی دیکەی ئەمەریکا کە کۆمپانیای «جەنەراڵ داینامیکس» (General Dynamics) بوو، بڕی 5.15 کیلۆگرام لە یۆرانیۆمی بەرز پیتێندراوی

دایە ئێران کە لە دروستکردنی چەکی ئەتۆمدا بەکاردەهێنرێت، ئەویش بۆ تەیارکردنی کوورەی توێژینەوە لە تاران بە سووتەمەنی. بەڵام سەرەڕای ئەوەش، بەرەوپێشچوونە سەرەتاییەکە سست بوو، چونکە کوورەکە تا تشرینی دووەمی 1967 ئامادە نەبوو بۆ کارکردن.

لە ساڵی 1968دا ئێران یەکێك بوو لەو دەوڵەتە یەکەمانەی پەیماننامەی ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆم (NPT)یـان ئیمزاکرد کە دوای دوو ساڵ لەو مێژووە لەلایەن پەرلەمانی ئێرانەوە پەسەند کرا. تـاران لە ساڵی 1974دا ڕێککەوتنی گەرەنتییەکانی تایبەت بە خۆی لەگەڵ ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم تەواوکرد. هەر لە هەمان ساڵدا ڕێکخراوی وزەی ئەتۆمی ئێران دامەزرێندرا و ئەکبەر ئیعتیماد زانای فیزیاناسی ئەتۆمی کە لە فەرەنسا و سویسرا خوێندبووی، بە سەرۆکی دانرا. بە پشتیوانی بازدانە نەوتییەکەی ساڵی 1974یش، محەمەد ڕەزا شا پەهلەوی لە ناکاو بڕیاری دا وزەی ئەتۆم بکاتە کاری لە پێشینەی حکومەتەکەی. لێدوانی ڕەسمیش ئەوەبوو، نابێت نەوت کە بە «مـاددە بەنرخەکە» وەسف کرابوو، بە فیڕۆ بدرێت، بەم پێیەش پێویستە عەمباری وزەی ئێران هەمەجۆر بکرێت. بەلای شاوە تەکنۆلۆجیای ئەتۆمی تەنیا بۆ نوێبوونەوە پێویست نەبوو، بەڵکو سیمبولیش بوو بۆ هێز و هەژموونی ئێران کە ئەوکاتە خەریك بوو بە دەستی دەهێنان.

کۆمپانیایەکی ئەمەریکا کە کۆمپانیای «ستانفۆرد ریسێرچ ئینستتیوت» (Stanford Research Institute)ە مەزەندەی ئەوەی کرد ئەگەر ئێران بیەوێت سەربەخۆیی لە بواری وزەدا بەدەستبهێنێت بە شێوەیەك کە لەگەڵ «زلهێزێك»دا بگونجێت، ئەوا پێویستی بە بەرهەمهێنانی 23 هەزار کیلۆ وات کارەبا لە وزەی ئەتۆم هەیە تا ساڵی 1994. بە پشتبەستن بەم ئامۆژگاریەش، بەشێوەیەکی لاوەکی، شا ئەو کاتە پلانێکی ئامانجداری ڕایگەیاند بۆ پەرەپێدانی خێرای چەندین

کوورەی ئەتۆمی تەواوکراو لە کاتێکی پێوانەیی. ئەگەرچی بڕیارێکی لەبارەی کۆی ژمارەی کوورەکانەوە نەدابوو، مەبەستە ئامانجدارە نا واقیعیەکە ئەوەبوو ساڵانە یەك کوورە پەرەی پێ بدرێت.

لەوکاتەشدا کادرە ئەتۆمییە ئێرانییەکان رادەهێنران. رێکخراوی وزەی ئەتۆمی ئێران چەند گرێبەستێکی تایبەتی لەگەڵ چەند زانکۆ و سەنتەرێکی تەکنیکی پایەبەرز لە سەرانسەری جیهاندا ئیمزاکرد بۆ ئامادەکردنی سەرمایەیەکی مرۆیی بۆ بەرنامە ئەتۆمییەکەی. یەکێك لەو دامەزراوانەش «پەیمانگای ماساچوستس بۆ تەکنۆلۆژیا» بوو، کە لەبەرامبەردا بڕی 20 ملیۆن دۆلاری بە دیاری لە ئێران وەرگرت. لەنێو ئەوانەشدا کە راهێنانیان پێدەکرا چەندین کەسی تێدابوو کە دواتر بوونە دروستکەری بڕیار لە بەرنامە ئەتۆمییەکەی رژێمی ئیسلامیدا، لەوانەش عەلی ئەکبەر ساڵحی وەزیری پێشووی دەرەوە و سەرۆکی ئێستای رێکخراوی وزەی ئەتۆمی ئێران.

لە ساڵی 1977دا بە پشتیوانیەکی نائاسایی شا، رێکخراوی وزەی ئەتۆمی ئێران بەرفراوانبوونێکی سەرسوڕهێنەری بەخۆوە بینی و 3800 شارەزا و ئەندازیار و تەکنیککار و مەشقکاری خستەکار. ئەو خوێندکارانەش کە لە دەرەوەی وڵات راهێنانیان پێکرابوو، وەك شارەزای ئەتۆمی گەڕانەوە بۆ وڵاتەکە. هەروەها رێکخراوەکە زیادبوونی زانا ئەتۆمییەکانی بەرێژەی دوانزە هێندە بەخۆوە بینی و ساڵی 1974 لە 67 زاناوە بووە 862 زانا لە ساڵی 1977دا. ساڵانی کۆتایی حوکمڕانی خانەوادەی پەهلەویش، رێکخراوی وزەی ئەتۆمی ئێران دووەم گەورەترین بودجەی وڵاتەکەی لە دوای کۆمپانیانی نیشتمانی نەوتی ئێران پێدرا. فەرمانبەرانی رێکخراوەکە لە توێژە مووچەبەرزەکان بوون لە ئێراندا. ئەکبەر ئیعتیماد سەرۆکی رێکخراوەکە دەسەڵاتپێدانی رەهای ئیمپراتۆری هەبوو سەبارەت بە خەرجی رێکخراوەکەی. بودجەی ساڵانەی رێکخراوەکەش بە شێوەیەکی خێرا بەرزبۆوە و لە

30.8 ملیۆن دۆلار لە ساڵی 1975دا بووە 1.3 ملیار دۆلار لە ساڵی 1976دا و بۆ زیاتر لە سێ ملیار دۆلار لە ساڵی 1977دا (یەکسانە بە زیاتر لە 11 ملیار دۆلار بە نرخی ساڵی 2012).

مەترسییەکانی ئەمەریکا سەبارەت بە نیازەکانی ئێران تایبەت بە بڵاوبوونەوەی ئەتۆم زیاتربوون لە سایەی سووربوونی شادا لەسەر ئەوەی ببێتە خاوەنی توانای پێویست بۆ جێبەجێکردنی سووڕێکی تەواوی سووتەمەنی ئەتۆمی و بەرهەمهێنانەوەی پلۆتۆنیۆم - چونکە ئەم شێوازە لەوکاتەدا ئاسانترین بوو بۆ تێرکردنی چەکێکی ئەتۆم لە بەکارهێنانی یۆرانیۆمی پیتێندراو. واشنتۆن کە هێشتا لە شۆك دابوو بە هۆی تاقیکردنەوە ئەتۆمییەکەی هیندستانەوە لە ساڵی 1974دا، بە گومان بوو، داوای لە ئیدارەی «جیراڵد فۆرد» کرد گەرەنتی ئەوە بدات کە بیسەلمێنێت نیازەکانی ئێران ئاشتیانەن.

ئەو بەڵگەنامانەی بەم دواییانە قەدەغەیان لەسەر هەڵگیراوە، وردەکاری سەرسوڕهێنەر سەبارەت بە دانوستانی ئەتۆمی تاڵی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئێران لە نێوان ساڵانی 1974 و 1978 ئاشکرا دەکەن. ئەوەی مایەی سەرنجە ئەوەیە کە هەمان ئەو مەسەلانەی بوونەتە هۆی روبەڕووبوونەوەی ئەتۆمی ئێستای نێوان ئێران و خۆرئاوا - دەستگەیشتن بە تەکنۆلۆژیای هەستیار، عەمباری سووتەمەنی، گەرەنتی زیاتر - ئەوکاتەش جێگای ناکۆکی بـوون. کاتێکیش نەتوانرا بگەنە رێککەوتن، حکومەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا فرۆشتنی تەکنۆلۆژیای ئەتۆمی لەلایەن کۆمپانیا ئەمەریکییەکانەوە بۆ ئێران قەدەغە کرد. لە بەرامبەریشدا شا بڕیاری دا «ئەگەر روون نەبێت کە مامەڵەی وڵاتی پلە دوو لەگەڵ ئێران ناکرێت» ئەوا بە دوای فرۆشیاری ئەتۆمی دیکەدا دەگەڕێت.

فەرەنسا و ئەڵمانیا کەلێنەکەیان پڕکردەوە، رێکخراوی وزەی ئەتۆمی ئێرانیش دەسەڵاتی دایە کۆمپانیای «کرافتفیرك یونیەن» (Kraftwerk

Union)ی ئەڵمانی – پرۆژەیەکی هاوبەشە لەنێوان «سیمنز ئەی جی» (Simens AG) و «ئەی ئی جی تلفۆنکن» (AEG Telefunken) – بۆ بنیاتنانی دوو کوورەی ئاوی پەستێندراو بە توانای 1.196 مێگاوات. بەهای گرێبەستی رادەستکردنی کلیلەکەش کە بە گوێرەی وێستگەی وزەکە، هەمووی هاوردە دەکرێت، دەگاتە 4.3 ملیار دۆلار (دەکاتە 21 ملیار دۆلار بە نرخی ساڵی 2012). پرۆسەکانی بیناکردن لە ئابی ساڵی 1975 دەستیان پێکرد، لەگەڵ دەستنیشانکردنی وادەیەکی پلان بۆ دانراو بۆ تەواوبوونی لە ساڵی 1981دا. هەڵبژاردنی شوێنی پرۆژەکەش لە شاری بوشەهر، کە دەکەوێتە باشووری خۆرهەڵاتی ئێران، وایکرد تێچوونی پرۆژەکە بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش زۆربێت، چونکە کەوتبووە بەردەم چالاکی بوومەلەرزەیی و لە ناوچەیەکی ناپێشکەوتوودا بوو کە ژێرخانی ماددی پێویستی نەبوو. لەگەڵ ئەوشدا، بەشێوەیەکی سەرەکی بوشەهر بەهۆی شوێنەکەی لە کەنارەکانی کەنداو هەڵبژێردرا، ئەویش بۆ ئاسانکاری بارکردنی ئامێرەکانی وێستەگەی وزەی ئەتۆمەکە و کەلوپەلەکانی.

شا پلانێکی هەمەلایەنیشی بۆ بەدەستهێنانی سووتەمەنی ئەتۆمی هەبوو. بۆیە ساڵی 1975دا قەرزێکی بە بەهای ملیارێك دۆلار (قەرزێکی دیکەش بە بەهای 180 ملیۆن دۆلار لەساڵی 1977دا) پێشکەش کرد بۆ بنیاتنانی وێستگەی ئەتۆمی پیتاندن «یۆرۆدیف» (Eurodif) لە فەرەنسا کە وێستگەیەکە بەپێی هاوبەشییەکی نێودەوڵەتی بنیاتنراوە. وەك بەشێکیش لە رێککەوتنەکە کۆمپانیای «سۆفیدیف» (Sofidif) دامەزرێندرا کە ئێران خاوەنی 40%ی پشکەکانی بوو، لە کاتێکدا فەرەنسا خاوەنی 60% کەی دیکەی بوو. دوای ئەوە،»سۆفیدیف» بووە خاوەنی 25%ی پشکەکانی «یۆرودیف» کە ئەوەش بەشی 10%ی ئەو یۆرانیۆمە پیتێندراوەی دایە ئێران کە بەرهەم دەهێنرا. سەرباری ئەوەش، ئێران گرێبەستێکی بە بەهای 700

ملیۆن دۆلار ئیمزاکرد بۆ کڕینی 600 تۆن کێکی زەردی یۆرانیۆم لە باشوری ئەفریقیا، هەروەها بەشێکی بەڕێژەی 15%ی کانی یۆرانیۆمی «RTZ» لە نامیبیا دەستکەوت. هاوتەریب بەوەش، ئێران هەوڵی چاودێری بۆ گەڕان بە دوای یۆرانیۆمەدا لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵاتدا دەستپێکرد.

هەروەها رێککەوتنێکیش لەگەڵ کۆمپانیای «فراماتۆم» (Framatome)ی فرەنسیدا کرا بۆ بنیاتنانی دوو بەرهەمهێنی وزەی ئەتۆم بە توانای 900 میگاوات لە دارخۆفینی نزیك شاری ئەهواز لەسەر هەردوو کەناری رووباری قاروون. جگە لەوەش، فەرەنسا خواستی خۆی بۆ بنیاتنانی 8 وێستگەی دیکە بۆ ئێران راگەیاند بە تێچوونی مەزەندەکراوی 16 ملیار دۆلار، ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەردەوام بێت لە رێگەنەدان بە کۆمپانیاکانی ئەمەریکا بۆ فرۆشتنی وێستگەکانی وزەی ئەتۆم بە ئێران.

دواجار، ساڵی 1978 دروسبوونی کەلێنی لە دانوستانەکانی نێوان تاران و واشنتۆندا بەخۆوە بینی، چونکە شا رازی بوو بەوەی دەستبەرداری پلانەکانی بنیاتنانی وێستگەیەکی چارەسەرکردنی پلۆتۆنیۆم بێت و چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێرانی خستە ژێرچاودێری زیاتر لەگەڵ ناردنی سووتەمەنی ئەتۆمی بەکارهاتوو بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. لە بەرامبەریشدا ئیدارەی جیمی کارتەر رەزامەند بوو بە رێگەدان بە کۆمپانیاکانی ئەمەریکا تا کوورە بە ئێران بفرۆشن. بەڵام گرژییە سیاسیەکانی دواتر لە تاران ئەم رێککەوتنانەی کردە بابەتێکی جێ مشتومڕ.

جیاوازی داهات و لاوازی ئابوری ناڕەزاییەکانی ناوخۆیان زیادکرد هاوشانی بەرنامە بەپەلەکەی شا بۆ تازەگەری کە زۆرێك لە ئێرانیەکان بە دەستبڵاوی و گەندەڵییان لە قەڵەم دەدا. بۆیە ئیمپراتۆر ناچار بوو جڵەوی خەونە ئەتۆمییەکانی بگرێت. زریانی شۆڕشی ئیسلامی لە ئاسۆدا

پەنگی خواردبۆوە، حکومەتی جەمشید ئەموزیجاری سەرۆك وەزیرانیش دەستیکرد بە پێداچوونەوەی بەرنامە ئەتۆمیەکە. لە ساڵی 1979دا شاپوور بەختیاری سەرۆك وەزیران دەستیکرد بە سنووردارکردنی بەرنامەکە. کاتێکیش وڵات لە کاتێکی دواتری ئەو ساڵەدا بەرەو ئاڵۆزییەکانی شۆڕش شۆڕبۆوە، ئەوکاتە یەکێك لە کوورەکانی بوشەهر بەڕێژەی 85% تەواو ببو و 50%ی کوورەیەکی دیکەش بنیاتنرابوو.

## بەرنامە ئەتۆمییەکە لە ژێر حوکمڕانی کۆماری ئیسلامیدا راوەستان (1979 – 1984)

یەکێك لە گفتوگۆ سەرەتاییەکانی نێوان ئەو سەرکردە شۆڕشگێڕانەی شایان رووخاند، سەبارەت بە شەرعیەتی رژێمی پێشوو بوو. میراتە ئیمپراتۆرییەکە بەرنامە ئەتۆمییەکەشی لەخۆگرتبوو، کە شۆڕشگێڕان بە بارگرانییەکی پڕتێچوویان دادەنا کە لەلایەن دەوڵەتانی خۆرئاواوە بەسەر دەوڵەتێکی دەوڵەمەند بە نەوتدا سەپێندراوە. لەگەڵ ئەوەشدا وتاری دژ بە بەرنامە ئەتۆمییەکە تەواو ئایدیۆلۆژی نەبوو، چونکە شیکردنەوەیەکی پراگماتی بۆ تێچوون و سوودەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات لە کاتێکدا تێچوونی وێستگەیەکی وزە کە بەگاز کاردەکات، 300 دۆلارە بۆ هەر کیلۆ واتێك لە ئێراندا، ئەوا تێچوونی پێشبینیکراوی کوورەی بوشەهر دەگاتە 2500 دۆلار بۆ 3000 دۆلار بۆ هەر کیلۆ واتێك. سەرباری ئەوەش لەپاش رووداوە ئەتۆمییەکەی ساڵی 1979 لە دوورگەی سری مایڵ (Three Mile Island) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، مەترسییەکانی پەیوەندیدار بە سەلامەتی دامەزراوە ئەتۆمییەکان، دەسەڵاتدارانی نوێی ئێرانی سەرقاڵکرد. هەروەها پاساوەکانی دیکەی دژ بە بەرنامەکە، بریتی بوون لە سنوورداری سەرچاوەکانی یۆرانیۆم و شێوازی خاکەکەی کە لەبەردەم ئەگەری بوومەلەرزەدایە، لەگەڵ کەمی شارەزایی.

لێدوانەکەی ئایەتوڵڵا خومەینی لەبارەی وێستگە تەواونەبووەکانی بوشەهر وەك «سایلۆی عەمبارکردنی گەنم» بەکاردەهێنرێن، زەنگی مەرگی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران وابوو. مانگی تەمموزی 1979دا پرۆسەکانی بنیاتنان لە هەموو وێستگەکانی وزەی ئەتۆمی ئێراندا وەستان. حکومەتی کاتی بە سەرۆکایەتی مەهدی بازرگان دەستبەرداری هەموو ئەو گرێبەستە ئەتۆمییانە بوو کە ئەوکاتە ئیمزا کرابوون. بەڵام ئەو بڕیارە بێ تێچوون نەبوو.

لە وەڵامێکی تۆڵەئامێز و لەبەرامبەر دەستبەسەرکردنی فەرمانبەرانی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە تاران وەکو بارمتە، دەوڵەتانی خۆرئاوا هەناردەکردنی ئەو ئامێرانەیان رەتکردەوە کە ئێران بەکرداری بە نرخێکی گران کڕیبوونی. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش – کە فەرمانبەرانی باڵیۆزخانەکەی لە تاران بۆ ماوەی 444 رۆژ بەبارمتە گیران – تەیارکردنی کوورەی تارانی بۆ توێژینەوە بە سووتەمەنی بەرز پیتێندراو راگرت، کە ئەمەش کوورەکەی ناچارکرد بەشێوەیەکی کاتی دەرگاکانی دابخات. راوەستانی بنیاتنانی وێستگە ئەتۆمییەکانیش بووە هۆی کۆچی بە کۆمەڵی زانا ئەتۆمییە ئێرانییەکان.

هەروەها کۆمپانیای «کرافتفیرك یونیەن» گرێبەستەکەی لە بوشەهر کۆتایی پێهێنا، بەڵام ئێران لەو پرۆژەیەدا بڕی 5.5 ملیار مارك زیانی کردبوو (دەکاتە نزیکەی 2.8 ملیار دۆلاری ساڵی 1979 و 9.6 ملیار دۆلار بەنرخی ساڵی 2012). بە دوای ئەوەشدا ململانێیەکی یاسایی سەخت لە چەند دادگایەکی نێودەوڵەتی هاتەئاراوە. بەپشتبەستن بە حوکمی ژووری بازرگانی نێودەوڵەتی لە ساڵی 1982دا، دەبووایە کۆمپانیا ئەڵمانیەکان نزیکەی 80 هەزار پارچە کەلوپەلیان هەناردە بکردایە. بەڵام هەوڵەکانی ئێران بۆ بەدەستهێنانی قەرەبوو بەهۆی تەواونەکردنی کوورەکان و ئەو پارەیەی درابوو بۆ سووتەمەنی ئەتۆمی بە با چوون. پێشنیارێکی ئەڵمانیاش بۆ تەیارکردنی ئێران

بە وێستگەی هاوچەرخی وزە کە بە گاز کاریان دەکرد بۆ یەکلاکردنەوەی مەسەلەی داواکردنی بڕی 5.4 ملیار دۆلار، گوێی لێ نەگیرا.

هەرچی سکاڵا یاساییەکانیشە لەگەڵ فەرەنسیەکان سەبارەت بە کۆمپانیای «یۆرۆدیف»، ئەوا ساڵی 1991 یەکلاکرانەوە، چونکە ئێران بە بڕە پارەیەك کە گەیشتە 1.6 ملیار دۆلار، قەرەبوو کرایەوە لەبری قەرزە بنەڕەتییەکەی لە ساڵی 1974دا بە سوودەکانیشەوە. تا ئەمڕۆش هێشتا ئێران وەك هەڵگری ناڕاستەوخۆی پشکەکانی «یۆرۆدیف» ناودەبرێت، بەڵام بەپێی چارەسەرەکەی ساڵی 1991 مافی لە یۆرانیۆمی پیتێندراوی دامەزراوەکەدا نییە. ئەم ئەزموونەش ئەگەری هەر خاوەندارییەکی هاوبەشی ئێرانی بۆ دامەزراوە بیانییەکان لە داهاتوودا دوورخستەوە.

لە ئەیلولی ساڵی 1980دا عیراق لە سایەی حوکمڕانی سەدام حسێندا هێرشی کردە سەر ئێران کە هێشتا لە ژانی دوای ئاڵۆزییەکانی شۆڕشدا بوو. ئەو هەنگاوەش کە دواتر بووە جەنگێك 8 ساڵی خایاند، بەسەختی ژێرخانی ئەتۆمی ئێرانی وێرانکرد. لە وەڵامێکی تۆڵەئامێزیشدا بۆ هێرشە ئاسمانییەکەی ئێران بۆ سەر کوورەی ئۆزیراك (تەمموز)ی ئەتۆمی عیراق، هێزە ئاسمانییەکانی عیراق لەماوەی جەنگدا 7 جار هێرشیان کردەسەر وێستگەی بوشەهر و وێستگەکەیان کردە داروپەردوو. بەپێی مەزەندەی ئەندازیارانی هەریەك لە کۆمپانیای «سیمینز» (Siemens) و «تەکنیشەر ئۆبرفاخۆنزفیرین» (Technischer Uberwachungsverein) تێچوونی چاککردنەوە و زیانە ژینگەییەکانی دوو کوورەکەی بوشەهر لە نێوان 2.9 و 4.6 ملیار دۆلاردا بووە.

## کاری نهێنی (-1984 2002)

لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا کاتێك ورەی شۆڕشگێڕی لە ئێران لاواز دەبوو، ئەوکاتەی هێشتا وڵات لە شەڕێکی

گشتگیردابوو لەگەڵ عیراق، سەرکردەکانی تاران وەك چارەسەرێك بۆ بەرپەرچدانەوە، دەستیانکرد بە چاوخشاندنەوە بە بەرنامە ئەتۆمییەکەیاندا. سەرکردە ئێرانییەکان هەستیانکرد دابڕاون - ئەوەش مەزەندەیەك بوو ئەو راستییە قووڵتری کردبووەوە کە سەدام حسێن لە لایەن زلهێزەکانەوە بە چەکی پێشکەوتوو پشتیوانی دەکرا و بەزانیاری هەواڵگری گرنگی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا یارمەتی دەدرا بۆ دەستنیشانکردنی ئامانجە سەربازییەکان. جگە لەوەش، خەرجییەکانی جەنگ وڵاتی بەرەو قەیرانێکی قووڵی سووتەمەنی برد کە لە پچڕانی دووبارەبۆوەی تەزووی کارەبادا بەڕوونی دەردەکەوت.

بۆ روبەڕووبوونەوەی ئەم دیمەنەش بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران، کە لە ساڵی 1979ەوە وەستابوو، بووژێندرایەوە. چونکە بەرنامە ئەتۆمییەکە دەیتوانی هەندێك پێداویستی زۆری ئێران لە کارەبا پڕبکاتەوە و وەك بەرپەرچێکیش لەبەرامبەر دوژمنانی رژێمی ئیسلامی لە دەرەوە کاربکات. لە ساڵی 1984دا عەلی خامنەئی سەرۆك کۆماری ئەوکاتە و رابەری باڵای ئێستا، لەلایەن ئایەتوڵڵا خومەینییەوە دەسەڵاتی پێدرا بۆ دەستپێکردنەوەی بەرنامە ئەتۆمییەکە و تەرخانکردنی پارە لە بودجەی نیشتمانیدا بۆ ئەو هەوڵە.

بۆ روبەڕووبوونەوەی دابڕانێکی نێودەوڵەتی بێ پێشینەش، حکومەتی ئێران بێهودە بەدوای هاوبەشێکدا دەگەڕا بۆ تەواوکردنی پرۆژەی بوشەهر، بەڵام بەهۆی بەرهەڵستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە هەموو هەوڵەکانی ئێران بە با چوون. تەنیا پیاوێك هەبوو وەڵامێکی ئەرێنیانەی تارانی دایەوە، ئەویش عەبدولقەدیر خان، باوکی بەرنامەی چەکی ئەتۆمی پاکستان بوو. خان دووجار سەردانی بوشەهری کرد لە شوباتی 1986 و کانونی دووەم 1987دا. بەڵام خێرا دەرکەوت کە تەواوکردنی بەرنامەی بوشەهر لەتوانای عەبدولقەدیر خان زیاترە. تارانیش باوەڕێکی زیاتری لا دروستبوو کە تاکە رێگەی چارەسەری بەردەمی خۆژێنییە.

یەکەم هەنگاوی سەرکردە ئێرانییەکان ئەوەبوو توانای جێبەجێکردنی سووڕێکی سووتەمەنی ئەتۆمی بەدەست بهێنن. عەبدولقەدیر خانیش بەکرداری یارمەتی پێشکەش کردبوون لەڕێی تەیارکردنی ئێران بە تەکنۆلۆژیای پیتاندن. بە رەزامەندی میرحسێن موسەوی سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتەش (کە لەدوای هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییە جێ مشتومڕەکەی ساڵی 2009بە تۆمەتی «دنەدان» نیشتەجێبوونی بە زۆری بە سەردا سەپێندار)، رێککەوتنێك لە نێوان نوێنەرانی رێکخراوی وزەی ئەتۆمی ئێران و تۆڕە نهێنییەکەی عەبدولقەدیر کرا. پاشان بەرنامەکەی ئێران بۆ پیتاندنی یۆرانیۆم بە نهێنی لە دایکبوو، لەڕێی بەدەستهێنانی دیزاینی تەکنیکی و رێنمایی دروستکردن و چەند نموونەیەك لە پێکهاتەی ئامێرەکانی دەرکردنی ناوەندی لە جۆری «P-1» (ئەویش دیزانێکی هۆڵەندییە مێژووەکەی بۆ حەفتاکانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە کە عەبدولقەدیرخان دزیبووی).

لەگەڵ بەدەستهێنانی زانیاری لەلایەن ئێرانەوە سەبارەت بە دیزاینەکە، هەوڵە فراوانەکانی کڕین دەستیان پێکرد بۆ بەدەستهێنانی بەشە هەستیارەکانی بنیاتنانی زنجیرەیەك ئامێری دەرکردنی ناوەندی. بۆیە بۆ نموونە لە ساڵی 1988دا کۆمپانیایەکی وەهمی ئێران بەناوی «کافوش یار» کە لقێکە لە رێکخراوی وزەی ئەتۆمی ئێران چەند پێکهێنەرێکی لە ئامێرەکانی دەرکردنی ناوەندی و چەند بەستەرێکی لە کۆمپانیای ئەڵمانی «لیبۆلد» (Leybold) بە بەهای 500 هەزار دۆلار دەستکەوت. لە ساڵی 1995یشدا ئێران جارێکی تر مامەڵەی لەگەڵ «سۆپەر مارکێتە ئەتۆمییەکەی عەبدولقەدیرخان» کردەوە و چەند بەشێکی لە ئامێرە پێشکەوتووترەکانی دەرکردنی ناوەندی لە جۆری «P- 2» و دیزاینەکانی کڕی.

هەروەها ئێران هەوڵیدا کوورەی تاران بۆ توێژینەوە نوێ بکاتەوە

که نوێکردنەوەی لە سەردەمی شاوە هەڵپەسێردرابوو. لەساڵی 1987دا لە کاتی نوێکردنەوەی دڵی کوورەکەدا، پەیمانگای ئەرجەنتین بۆ توێژینەوەی جێبەجێکاری سووتەمەنی کوورەکەی لە یۆرانیۆمی پیتێندراو بەڕێژەی 93% کە گونجاو بوو بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆم گۆڕی بۆ یۆرانیۆمی پیتێندراو بە رێژەیەکی کەمتر لە 20% و تێچوونی ئەم کارەش گەیشتە 5.5 ملیۆن دۆلار.

لیژنەی وزەی ئەتۆمی ئەرجەنتین رێککەوتنێکی ئیمزا کرد بۆ تەیارکردنی کوورەی تاران بە 115.8 کیلۆگرام لە یۆرانیۆمی پیتێندراو بەڕێژەی 19.75% کە کوورەکە پێویستی پێی بوو، ئەو بڕەش بەکردەوە لە ساڵی 1993دا رادەستکرا.

لە ناوەڕاستی نەوەدەکاندا بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران جارێکی تر بوویەوە ئەولەویەتێکی نیشتمانی کاتێك زیاتر لە 800 ملیۆن دۆلاری لە بودجەی نیشتمانی بۆ تەرخان کرا. سەنتەری تەکنۆلۆجیای ئەتۆمی لە شاری ئەسفەهانی باشووری تاران لە ساڵی 1990دا کرایەوە و لەگەڵیدا هەوڵێکی بەرفراوان دەستی پێکرد بۆ دۆزینەوەی هاوبەشی دیکەی ئەتۆمی. سـەرەڕای پێشنیارە دڵفراوانەکانی ئێران، بەڵام حکومەتی پاکستان هەر دوودڵ بوو لە بەشداری پێکردنی دراوسێکەی لە زانیارییە ئەتۆمییەکانیدا، بەڵام چین هەر بایەخی بەو مەسەلەیە دەدا. پەکین مامەڵەی بازرگانی ئەتۆمی لەگەڵ تاران بە بەهای 60 ملیۆن دۆلاری ساڵانە کرد، کە ئەمەش چینی کردە هاوبەشی سەرەکی ئەتۆمی ئێران. لە ساڵی 1991یشدا ئێران بە نهێنی نزیکەی یەك تۆنی لە شەشەم فلۆریدی یۆرانیۆم (UF6)ی لە چین کڕی، بەڵام ئەوەی بە ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم رانەگەیاند کە کارێکی پێویست بوو لەناو رێککەوتنی گەرەنتییەکانی تایبەت بەخۆی لە چوارچێوەی پەیماننامەی رێگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆم (NPT)دا.

گوشاری ئەمەریکا بووە مایەی دانانی سنوورێك بۆ هاوکاری نێوان

چین و ئێران کە ئەمەش زەنگێکی دیکەی ئاگادارکردنەوە بوو بەوەی دەبێت ئێران پشت بە شارەزاییە نیشتمانییەکەی ببەستێت. بۆیە ئێران هەوڵی نوێی بۆ گێڕانەوەی توانا ئەتۆمییە کۆچکردووەکان بۆ نیشتمان و راهێنانی شارەزای نوێی دەستپێکرد. کۆمەڵێکی پێکهاتوو لە 77 زانای ئەتۆمی ئێران بۆ خوێندن رەوانەی سەنتەری فیزیای تیۆری لە ترایزتی ئیتاڵیا کران، ئەو سەنتەرەی کە بە هۆی قەرزێکی ئێران بە بەهای 3 ملیۆن دۆلار لە قەیرانێکی دارایی رزگار کرابوو.

دواجار روسیا کە بە دەست گرفتێکی داراییەوە دەیناڵاند، لە ساڵی 1992دا تەواوکردنی کوورەی ئەتۆمی بوشەهری خستە ئەستۆی خۆی. پاڵنەری پشت هاتنەناوەوەی مۆسکۆ بۆ بازاڕی ئێران بە پلەی یەکەم رزگارکردنی پیشەسازی ئەتۆمی روسیابوو لە مایەپووچبوون لە پاش هەرەسهێنانی یەکێتی سۆڤێت. رێککەوتنی «تەسلیمکردنی کلیل» لەنێوان رێکخراوی وزەی ئەتۆمی ئێران و «ئەتوم ستۆری ئیکسپۆرت» کە لقێکە لە ئاژانسی وزەی ئەتۆمی روسیا ئیمزا کرا. بەپێی رێککەوتنەکە دەبوایە مۆسکۆ کوورەیەکی ئەتۆمی ئاوی سووك لە جۆری VVER- 1000 بە توانای 950 میگاوات بداتە ئێران. ئەم کوورەیە گونجاوە بۆ بەرهەمهێنانی وزە، بەڵام ئامادە نییە بۆ خزمەتی بڵاوبوونەوەی ئەتۆمی. لە بەرامبەریشدا ئێران رازی بوو بەوەی 80%ی بەهای گرێبەستەکە بە نەختی بدات و 20%کەی دیکەش بە قەواڵە. لەسەر داروپەردوی کوورە وێرانکراوەکەش روسەکان پلانی بنیاتنانی وێستگەیەکی ئەتۆمی دەگمەنیان دانا و پرۆسەیەکیان بۆ پینەکردنی پاشماوەی کەلوپەلە ئەڵمانییەکان لەگەڵ تەکنۆلۆژیای ناڕوونی روسیادا دەستپێکرد.

لە سەرەتاوە، پرۆژەکە گیرۆدەی کێشە بوو. چونکە کوورە روسییەکەی جۆری «VVER» لەگەڵ بنەما ئەڵمانییەکانی کوورەی بوشەهر نەدەگونجا. ئێرانیش تێچووی بڕی 140 ملیۆن دۆلاری

سەرباری گرتە ئەستۆ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە. بە هۆی بەرهەڵستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە، مۆسکۆ پاشەکشەی کرد لە بنیاتنانی دامەزراوەیەکی پیتاندنی یۆرانیۆم لە رێی ئامێرەکانی دەرکردنی ناوەندی لە ئێران، لەبری ئەوەش رەزامەندی دەربڕی لەسەر دابینکردنی سووتەمەنی ئەتۆمی پێویست بۆ کوورەکە بە درێژایی دە ساڵ لە بەرامبەر 300 ملیۆن دۆلاردا. پاش وەستانیشی بۆ ماوەی 16 ساڵ، جارێکی تر کوورەی بوشەهر گەڕایەوە و بنیاتنان تێیدا دەستی پێکردەوە. هەروەها مێژووی سەرەتایی بۆ تەواوبوونیشی بە ساڵی 2001 دەستنیشانکرا، بەڵام بەپێی مەزەندەکان بە زیاتر لە یەك دەیە لەو وادەیە تێدەپەڕێت. لەسەرەتای پرۆسەکانی بنیاتنانەوە لە نێوان 250 بۆ 3000 ئەندازیار و تەکنیککاری روسیا و دەوڵەتانی دیکەی یەکێتیی سۆڤێتی پێشوو لە ئێران کاریان دەکرد و وەك لە راپۆرتەکاندا هاتووە، هەر یەکەیان لە نێوان 5 هـەزار بۆ 20 هـەزار دۆلاری مانگانەیان وەردەگرت.

لە ماوەی نێوان ساڵی 1992 تا ساڵی 2002، ئێران بەروپێشچوونێکی بە ئاڕاستەی بەدەستهێنانی سووڕێکی بنەڕەتی سووتەمەنی ئەتۆمی هێنایەدی. تاقیکردنەوەکانی پیتاندن بە نهێنی لەسەر ئامێرەکانی دەرکردنی ناوەندی لە دامەزراوەکانی توێژینەوە و پەرەپێدان ئەنجام دەدران کە لەلایەن کۆمپانیای کارەبای «کالای» دانرابوون، بەجۆرێك کە پێچەوانەی پابەندبوونەکانی ئێران بوو بەپێی گەرەنتییەکانی پەیماننامەی رێگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆم. هەروەها زۆر بەنهێنی دامەزراوەیەکی پیتاندن لە ژێر زەویدا لە نزیك شاری ناتانز بنیاتنرا. لەبەرئەوەش کە لەژێر 25 پێ لە چیمەنتۆ و ئاسندا بوو، بۆیە بنیاتنانی ئەو دامەزراوەیەی دەرکردنی ناوەندی کە بە گاز کاری دەکرد، لە قۆناغێك لە قۆناغەکاندا هەموو چیمەنتۆی بەرهەمهێنراوی ئێرانی بەکاربرد.

هەروەها ڕێکخراوی وزەی ئەتۆمی ئێران بە نهێنی دەستیکرد بە بنیاتنانی وێستگەیەك بۆ بەرهەمهێنانی ئاوی قورس و کوورەی توێژینەوە بە توانای 40 میگاوات لە نزیك ئاراك.

## قەیران (-2002 2008)

لە ئابی ساڵی 2002دا، گرووپێکی بەرهەڵستکاری ئێران کە ئەویش ئەنجومەنی نیشتمانی ئۆپۆزسیۆن بوو (رووکاری ڕێکخراوی موجاهیدنی خەڵکە کە گرووپێکی ئیسلامی – مارکسییە یارمەتی رووخانی شای داوە، ئێستاش داوای رووخاندنی رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکـات)، زانیاری لەبارەی دامــەزراوە ئەتۆمییە رانەگەیەندراوەکانی پیتاندن لە ئێران لە نزیك ناتانز و وێستگەی بەرهەمهێنانی ئاوی قوورس لە ئاراك ئاشکرا کرد. ئەم ئاشکراکردنەش بووە هۆی دروستبوونی قەیرانێکی نێودەوڵەتی.

لە نێوان ساڵانی 2003 و 2005، پاش داگیرکردنی عیراق لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە، هەریەك لە فەرەنسا و ئەڵمانیا و بەریتانیا (ترۆیکای ئەوروپا) هەوڵی دیپلۆماسییاندا بۆ چارەسەرکرنی کێشە ئەتۆمییەکە. لە سەرەتادا ئێران – کە ئەو راستییەی بۆ دەرکەوت کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە مـاوەی سێ هەفتەدا بەکردەوە شکستی بە سوپای عیراق هێنا، لە کاتێکدا ئەو (ئێران) بۆ ماوەی زیاتر لە 8 ساڵ شەڕی لەگەڵ عیراقدا کرد بەبێ ئەوەی هیچ بەرەوپێشچوونێك بەدەست بهێنێت – رازی بوو بە هەڵپەساردنی بەرنامەکەی بۆ پیتاندنی یۆرانیۆم. هەروەها ئێران خۆبەخشانە و بۆ ماوەی زیاتر لە دووساڵ، پرۆتۆکۆلی سەرباری ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم (IAEA)ی جێبەجێکرد کە ڕێگە دەدات بە ئەنجامدانی گەشتی پشکنینی لەناکاوی زیاتر. بەڵام کاتێك بارودۆخی عیراق ئاڵۆزبوو و بەرەو بەرژەوەندی ئێران دەچوو، هەروەها نرخی نەوت هەڵکشا و

دوای سشکستهێنانی ترۆیکای ئەوروپا لە پڕکردنەوەی کەلێنی نێوان ئێران و ویلایە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، سەرکردەکانی ئێران ئەوەندە غیرەتیان هێنا ئەوە ڕەتبکەنەوە کە بە ئامانجێکی شاراوەی خۆرئاوایان دەزانی: کە ئەویش ناچارکردنیان بوو بە دەستبەرداربوونیان لە مافی پیتاندنی یۆرانیۆم. لە هەشتی ئابی ساڵی 2005 یشدا لە دوا ڕۆژەکانی سەرۆکایەتی محەمەد خاتەمیدا ئێران سەرلەنوێ دەستیکردەوە بە گۆڕینی یۆرانیۆم لە دامەزراوەی ئەسفەهاندا.

لەگەڵ سەرکەوتنی مەحمود ئەحمەدی نەژادیشدا لە هەڵبژاردنی ساڵی 2005دا، ئێران هەڵوێستێکی توندتری لە دانوستانەکاندا وەرگرت. دواجاریش لە کانونی دووەم 2006دا، ئێران ڕێساکانی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی پێشێلکرد و سەرلەنوێ دەستیکردەوە بە پیتاندنی یۆرانیۆم. لە 4ی شوباتی 2006یشدا ئەنجومەنی پارێزگارانی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم دەنگی دا بۆ ڕەوانەکردنی ئێران بۆ ئەنجومەنی ئاسایش لەبەر جێبەجێنەکردنی پابەندبوونەکانی بەرامبەر ڕێککەوتنی گەرەنتییەکانی پەیماننامەی ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی چەکی ئەتۆم. لە 31ی تەمموز 2006یشدا، بڕیاری ژمارە 1696ی ئەنجومەنی ئاسایش بە کۆی دەنگ دەرکرا، کە داوا لە ئێران دەکات لەماوەی مانگێکدا پیتاندنی یۆرانیۆمی وڵاتەکەی رابگرێت.

ئێران بەردەوام بوو لەسەر دووپاتکردنەوەی «مافی بنەڕەتی» خۆی لە درێژەدان بە پیتاندنی یۆرانیۆمی وڵاتەکەی. پاشان ئەنجومەنی ئاسایش لە 23ی کانونی یەکەم 2006دا بڕیاری ژمارە 1737ی دەرکرد کە سزای نێودەوڵەتی بەسەر ئێراندا سەپاند. ئەمەش سەرەتای بازنەیەك لە ئاڵۆزی هاوبەش بوو. لە مارسی 2007 یشدا، بڕیاری سێیەمی ژمارە 1747ی ئەنجومەنی ئاسایش دەرچوو. دوای چەند هەفتەیەکیش، ئێران رایگەیاند کە گەیشتۆتە توانای پیتاندنی یۆرانیۆم لەسەر ئاستی پیشەسازی لەگەڵ دانانی 3 هەزار ئامێری دەرکردنی ناوەندی لە ناتانز.

لە نێو مەترسییە روو لەزیادبووەکاندا سەبارەت بە ئەگەری وەشاندنی گورزێکی سەربازی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئیسرائیل لە دژی دامـەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران، مەزەندەکانی هەواڵگری نیشتمانیی ئەمەریکا لە ساڵی 2007دا دەرچوو، کە دەڵێت تاران لە ساڵی 2003دا بەرنامەی چەکی ئەتۆمی وەستاندووە کە ئەوکاتە بنیاتنرابوو. ئەم راپۆرتە کەشەکەی نەرمکردەوە کە ئەوەش بواری دایە ئێران و ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم کار لەسەر پلانێك بکەن بۆچارەسەری مەسەلە هەڵپەسێردراوەکان لە ماوەی ساڵێکدا. لە شوباتی 2008یشدا ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم زۆربەی دۆسێ پەیوەندیدارەکانی بەو مەسەلانەوە داخست.

بەڵام بەڵگەیەك لە کۆمپیوتەرێکی لاپتۆپی دزراوەوە دەرکەوت کە دەوتـرا زانیاری سەبارەت بە بەرنامە ئەتۆمییە نهێنییەکەی ئێرانی لەخۆگرتووە. ئەم رووداوە پەیوەندی نێوان تاران و ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی گرژکرد کە ئەوەش بووە هۆی داخستنی رێگای ئەو وتووێژە دوورودرێـژەی چوار ساڵی خایاند سەبارەت بە چالاکییەکانی ئێران بەر لە ساڵی 2003. لە مارسی 2008یشدا بڕیاری ژمارە 1803ی ئەنجومەنی ئاسایش دەرچوو کە سزای نێودەوڵەتی زیاتری بەسەر ئێراندا سەپاند. هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانیشی دەستیانکرد بە سەپاندنی سزای تاکلایەنەی شەکەتکەر و توووند لە دژی ئێران.

## ئەنجامەکان

قەیرانە ئەتۆمییەکە تێچوونێکی زۆری بەسەر ئابوری ئێراندا سەپاند، چونکە کشاندنەوەی سەرمایە گوزاریەکان، کە لە ئەنجامی سزاکاندا دروستبوو، یارمەتیدەر بوو بۆ بێبەشکردنی کەرتی وزەی ئێران لە پرۆژە بیانیەکان، ئەوە جگە لەوتەکنۆلۆژیاو شارەزاییە گرنگەی

لەگەڵیاندا بوون. گرێبەستە هەڵوەشاوەکانی وزە لە ساڵی 2010دا بە نزیکەی 60 ملیار دۆلار مەزەندە کران. پێدەچێت ئەو ژمارەیەش لەم ساڵانەی دواییدا چەند هێندەیەك بەرز بووبێتەوە، کەواتە سزای زۆر توووند سەپێندران. ساڵی 2012ش، داهاتەکانی نەوت بەراورد بە داهاتەکانی ساڵی 2011بەڕێژەی 40 ملیار دۆلار کەمبوونەوە، هەروەها بەرهەمهێنانی نەوتی ئێران لە 4.2 ملیۆن بەرمیلی رۆژانە لە ساڵی 2008دا پاشەکشێی کرد بۆ 2.5 ملیۆن بەرمیلی رۆژانە لە ساڵی 2011 و .90 ملیۆن بەرمیلی رۆژانە لە ئەیلول 2012دا. هەروەك ریاڵی ئێرانی %80ی بەهای خۆی لە نێوان ساڵانی 2011 و 2012 لەدەستدا.

هێشتا چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران لێبڕاوانە بەردەوامن و بودجەی رەسمی ساڵانەی رێکخراوی وزەی ئەتۆمی ئێران لە ماوەی چەند ساڵی رابــردوودا نزیکەی 300 ملیۆن ملیۆن دۆلار بووە، بەوەش پێش بودجەی چەندین وەزارەت و دەستەی حکومی دیکە کەوتووە. بەرنامە ئەتۆمییە دوورودرێژ و پڕتێچووەکەی ئێران ئێستا بەلای کەمەوە 16 دامــەزراوە دەگرێتەوە و تێچوونی دامــەزراوە سەرەتاییەکان بە نزیکەی یەك ملیار دۆلار مەزەندە دەکرێت. سروشتی نهێنی ئەم دامەزراوانەش بووەتە مایەی بەرزبوونەوەی تێچوونی بنیاتنان بە شێوەیەکی نائاسایی، چونکە دابینکردنی بینا بۆ شاردنەوە و دامەزراوەی پارێزراو لە ژێر زەوی و سیستمی دژە فڕۆکە، بوونەتە شتێکی پێویست. بەم جۆرەش دەستکەوتنی مەزەندەیەکی وردی تێچوونە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکانی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران شتێکی نزیکە لە مەحاڵ.

تائێستا دروستکردنی تاکە وێستگەی وزەی ئەتۆمی ئێران لە بوشەهر لە ساڵی2011دا تەواو بووە، بەڵام – تا کاتی نووسینی ئەم بابەتە – بەهۆی گرفتی تەکنیکییەوە کردنەوەی دواخراوە. ئەم کوورەیەش – کە تێچوونە کردارییەکەی بە نهێنی هێڵراوەتەوە –

بریتییە لەو نرخە بەرزەی ئێران لەبەرامبەر پرۆژە ئەتۆمییەکانی داویەتی. تەنانەت ئەندامانی لیژنەی بودجە لە پەرلەمانی ئێران لە گەیشتن بە راپۆرتێکی تێروتەسەل سەبارەت بە تێچوونەکان بێبەش کران. بەدڵنیاییشەوە ئەم هەڵاوسانە و بەرز و نزمی بەهای دراو و نرخی روو لەزیادبووی مادده و کەلوپەل لە چەند ساڵی رابردوودا، بوونەتە هۆی زیادبوونی تێچوونی پرۆژەی بوشەهر. هەندێك لە بەرپرسانی ئێرانیش بانگەشەیەکی باوەڕپێنەهێنەر دەکەن بەوەی کە تێچوونی کوورەکە تەنیا بەڕێژەی 10% لەو تێچوونە مەزەندەکراوەی لە گرێبەستە سەرەتاییەکەدا هاتووە، بەرزبۆتەوە. هەندێکی دیکەش کە لە دواکەوتنی دووبارەبۆوەی کردنەوەکەی دەکۆڵنەوە پێیانوایە لە رووی ئابوورییەوە بەسوودتر دەبوو بۆ ئێران کوورەیەکی دیکەی لە سەرەتاوە بنیات بنایە لەبری تەواوکردنی ئەو وێستگەیەی ئێستای بوشەهر.

پرۆسەیەکی ژمێریاری سادە بۆ تێچوونی گرێبەستەکان لەگەڵ ئەڵمانیا و روسەکان بە بەهای دۆلاری ئەمڕۆ – هەروەها بە بەکارهێنانی زانیارییە ئاشکرا و بەردەستەکان – ئەوە ئاشکرا دەکات کە وێستگەی بوشەهر تێچوونێکی سەرسوڕهێنەری هەیە و دەگاتە نزیکەی 11 ملیار دۆلار. بۆیە تێچوونە کەڵەکە بووەکان بە درێژایی زیاتر لە چوار دەیە و تێچوونە پەیوەندیدارەکانی دیکە، کوورەی بوشەهر دەکاتە یەکێك لە گرانترین کوورەکان لە جیهاندا. ئەوەی جێی سەرنجیشە ئێستا روسیا لە دانوستاندایە سەبارەت بە بنیاتنانی کوورەیەکی ئەتۆمی پێشکەوتووتر لە جۆری (VVER-1200) لە تورکیا بە تێچووی چوار ملیار دۆلار. بەڵام ئێران ناتوانێت دەستی بگاتە تەکنۆلۆژیای کوورەیەکی پێشکەوتووتر بە نرخی کێبڕکێکاری ئەوەش لە بنەڕەتدا بۆ سووربوونی لەسەر پیتاندنی یۆرانیۆم لە ناوخۆدا دەگەڕێتەوە.

## نالۆجیکی پیتاندنی یۆرانیۆم لە ناوخۆدا

پیتاندنی یۆرانیۆم دەکەوێتە ناوجەرگەی روبەڕووبوونەوەی ئێران لەگەڵ خۆرئاوا. تاران سوورە لەسەر ئەوەی پیتاندنی یۆرانیۆم لە ناوخۆدا پێویستە بۆ سەربەخۆبوونی وڵات لە بواری وزەدا. بەڵام بە تێپەڕبوونی ساڵ و سەرەڕای گومانەکانی ناوخۆ و رەخنە دەرەکییەکان، حکومەتی ئێران لۆژیکی ئابوری لە پشت سیاسەتەکانی لە بواری پیتاندندا نەخستۆتەڕوو. شیکردنەوەیەکی وردیش ئەوە دەردەخات کە پیتاندن لە ناوخۆدا هاوتایە بە تێچوونێکی زۆرتر و کۆمەڵێك کۆتوبەند لەسەر ئێران.

لە ئێستا پێویستی ئێران بۆ سووتەمەنی، بەشێوەیەکی روون سنووردارە. بەڵام سەرکردە ئێرانیەکان دووپاتی دەکەنەوە کە گەیشتنی بەرنامە ئەتۆمییەکەی وڵات بە سنووری کۆتایی خۆی پێویستی بە بەرهەمهێنانی سووتەمەنی ئەتۆمی ناوخۆ هەیە. بۆیە ئەگەر ئێران لە بەدەستهێنانی سووتەمەنی ئەتۆمی بێبەش بکرێت، ئەوا داهاتێك لە وەبەرهێنانەکەی لەدەست دەدات کە لە 200 ملیۆن دۆلاری ساڵانە کەمتر نییە بۆ هەر کوورەیەکی لەکارکەوتوو. لە رابردووشدا، بەپێی راپۆرتەکان تاران ئەو هەوڵانەی رەتکردۆتەوە کە بۆ رەواندنەوەی گومانەکانی ئێران دراون لەڕێی پێشنیاری تەیارکردنی بە عەمبارێك لە یۆرانیۆمی نزم پیتێندراو کە بەشی چەند ساڵێکی بکات.

بانگەشەکانی ئێران سەبارەت بە ئاسایشی سووتەمەنی هیچ باسی دەگمەنی سەرچاوە ناوخۆییەکانی یۆرانیۆم و ئاستی نزمییەکەی تێدا نەبوو. بێگومان پێدەچێت ئەم کۆتوبەندانە ئێرانیش ناچاربکەن پشت بە سەرچاوەی دەرەکی یۆرانیۆمی سروشتی یاخود چارەسەرکراو ببەستێت، کە ئەمەش مەبەستی بە دەستهێنانی سوورێکی سووتەمەنی

ئەتۆمی سەربەخۆ پوچەڵ دەکاتـەوە. کڕینی یۆرانیۆمی خاو و چارەسەرکراو لە دەرەوە لەلایەن ئێرانەوە، تەنیا باشوری ئەفریقیای دەگرتەوە لەسەردەمی حوکمڕانی شادا و دوای شۆڕشیش تەنیا چینی دەگرتەوە.

بە پێی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم، ئێران بە یەکێك لەو 40 دەوڵەتە دانانرێت کە بەرزترین یەدەگی یۆرانیۆمیان هەیە. هەروەها سەرچاوەکانی ئێران لە یۆرانیۆم بە بەراورد بە چەند وڵاتێك کەمن (سەیری خشتەی 1 بکە). لە ساڵی 2011یشدا ئێران بە دڵنیاییەوە 700 تۆن لە یەدەگی هەبوو کە زۆربەی لە جۆری تێچووی بەرز بوو (کە مانای ئەوەیە تێچوونی دەرهێنان زیاترە لە 260 دۆلار بۆ یەك کیلۆگرام). هەروەها مەزەندە دەکرێت سەرچاوە نادڵنیاکانی ئێران «پێشبینیکراوەکان» و «خوازراوەکان» لە یۆرانیۆم نزیکەی 28 هــەزار تـۆن بێت. هــەروەك هێشتا راگەیاندنەکەی تاران لە شوباتی 2013دا سەبارەت بە دۆزینەوەی نوێ کە سەرچاوە ناوخۆییەکانی یۆرانیۆم بەرزدەکاتەوە، پێویستی بە دڵنیابوونەوەیەکی سەربەخۆیانە هەیە.

زۆرجار گرنگتر لە بڕی سەرچاوەکانی یۆرانیۆم جۆرەکانیانە. بۆیە چەندە پلەی یۆرانیۆم کەمتر بێت، تێچوونی چارەسەرە گشتییەکەی بەرزتر دەبێت. جگە لـەوەش کە ئێران سەرچاوەی سنوورداری یۆرانیۆمی هەیە، کانەکانیشی یۆرانیۆمێکی پلە نزم لەخۆدەگرن بەڕێژەی 0.05%. بە لەبەرچاوگرتنی ئەم چڕییە نزمە، ئەوا دەرهێنانی یۆرانیۆمی خاو لە ئێران لەڕووی ئابوورییەوە بێ سوودە. جگە لەوەش زۆربەی سەرچاوە پێشبینیکراو و خوازراوەکانی ئێران لەوجۆرەن کە تێچوونیان بەرزە، چونکە بڕێکی زۆر خڵتەیان تێدایە وەك مۆلبیدیۆم کە پیتاندنەکەی زەحمەت دەکات.

**خشتەی (١)**

| دەوڵەت | ئاستی تێچوون | | | |
|---|---|---|---|---|
| | ٤٠ دۆلاری ئەمەریکی بۆ یەك کیلۆگرام | ٨٠ دۆلاری ئەمەریکی بۆ یەك کیلۆگرام | ١٣٠ دۆلاری ئەمەریکی بۆ یەك کیلۆگرام | ٢٦٠ دۆلاری ئەمەریکی بۆ یەك کیلۆگرام |
| ئوستڕالیا | | ١٣٤٩٤٠٠ | ١٦٦١٦٠٠ | ١٧٣٨٨٠٠ |
| بەرازیل | ١٣٧٩٠٠ | ٢٢٩٣٠٠ | ٢٧٦٧٠٠ | ٢٧٦٧٠٠ |
| چین | ٢٩٢٠٠ | ١٣٥٠٠٠ | ١٦٦١٠٠ | ١٦٦١٠٠ |
| ئێران | | | ٢٥٠٠ | ٢٥٠٠ |
| ئوردون | | | ٣٣٨٠٠ | ٣٣٨٠٠ |
| کازاخستان | ٤٧٤٠٠ | ٤٨٥٨٠٠ | ٦٢٩١٠٠ | ٨١٩٧٠٠ |
| روسیا | | ٥٥٤٠٠ | ٤٨٧٢٠٠ | ٦٥٠٣٠٠ |
| سوید | | | ١٠٠٠٠ | ١٣٥٠٠ |
| تورکیا | | ٧٣٠٠ | ٧٣٠٠ | ٧٣٠٠ |
| ویلایەتە یەکگرتووەکان | | ٣٩١٠٠ | ٢٠٧٤٠٠ | ٤٧٢١٠٠ |

تێبینی: ئەم خشتەیە سەرچاوە دڵنیا و بەرهەمهاتووەکان لەخۆدەگرێت.

سەرچاوە مەزەندەکراوەکانی ئێران بۆ یۆرانیۆم لە بارێکی نزیکدا نییە لەوەی بەشی تەیارکردنی بەرنامە ئەتۆمییە پلان بۆدانراوەکەی بکات کە بەلایەنی کەمەوە 7 کوورەی توانا هاوشێوە لەخۆ دەگرێت، هەرچەندە دەسەڵاتدارانی ئێران پێچەوانەوەی ئەوە دووپات دەکاتەوە. کوورەی بوشەهر کە لە جۆری (VVER – 1000)ە ساڵانە پێویستی بە 27 تەن سووتەمەنی هەیە لە شێوەی دووەم ئۆکسیدی یۆرانیۆمدا. ئەم بڕەش دەگۆڕدرێت بۆ نزیکەی 500 تەن لە یۆرانیۆمی خاو. بە پشتبەستنیش بەو مەزەندانەی رادەی گەشبینییان زۆر جیاوازە، ئەوا سەرچاوە زانراوەکانی ئێران لە یۆرانیۆمی ئاسایی بەشی کارپێکردنی کوورەی بوشەهر بۆ ماوەی کەمتر لە 9 ساڵ دەکات. ئەگەر سەرچاوە دڵنیا و خوازراوەکانیش لەبەرچاو بگرین، ئەوا دوای تەیارکردنی کوورەکان بۆ نزیکەی 10ساڵ، تەواو دەبن.

هەروەها هەوڵەکانی ئێران بۆ دۆزینەوەی یۆرانیۆم دواکەوتوون لە هەوڵەکانی بواری پیتاندندا. ناوچەی نوێ لە پارێزگاکانی کرمان، سیستان، بلوجستان، باشوری خوراسان و خوراسانی رەزەوی لە باشور و خۆرهەڵاتی ئێران هەن، کە ئێستا لە ژێر کنە و پشکنیندان. هەروەها کۆی خەرجییەکانی پەیوەندیدار بە گەشەپێدان و دۆزینەوە و بە کانزاکردن لە 3.9 ملیۆن دۆلارەوە لە ساڵی 2007دا بەرزبووەتەوە بۆ 32.2 ملیۆن دۆلار لە ساڵی 2010دا. لە ساڵی 2010یشدا ئێران 6 تۆن یۆرانیۆمی بەرهەمهێنا لەڕێی بەکانزاکردنی رووکاری کەڵەکەبووی ناوچەی جاشین، ئێستاش بە ئاڕاستەی کردنەوەی دامەزراوەی دووەم لە ئەردەکان (وێستگەی ساگاند)، کاردەکات بە توانای بەرهەمهێنانی سەرەتایی ساڵانەی نزیکەی 50 تەن لە ساڵی 2013 دا، لەگەڵ ئەوەشدا نزیکەی 70 تەن کە کۆی توانای ساڵانەی ئەم کانانەیە، بەس نییە بۆ تەیارکردنی کوورەی بوشەهر بە سووتەمەنی بۆ ماوەی ساڵێك.

هەموو پرۆسەکانی بەدواداگەڕان تێچوونێکی زۆریان دەوێت. بە

کانزاکردنی یۆرانیۆم و هاڕینی تێچوونێکی ژینگەیی گەورەی هەیە، چونکە دەرهێنانی یۆرانیۆم بۆ تەیارکردنی کوورەیەك بە توانای 1000 میگاوات، ساڵانە 3000 تەن پاشماوەی تیشکاوەر بەرهەم دەهێنێت. لەبەرئەوە پێشبینی دەکرێت بە کانزاکردنی یۆرانیۆم بەشێوەیەکی جەوهەری ئاستی شێواندنی ژینگەی ئێستای ئێران خراپتر بکات کە لە لایەن بانکی نێودەوڵەتییەوە بە سێ هێندەی تێکڕای هەرێمایەتی مەزەندە کراوە.

سەرباری ئەوەش، پرۆسەکانی بە کانزاکردن ڕۆژانە ملیۆنان لیتر ئاوی شیرینیان پێویستە. بەڵام کانە سەرەکییەکانی ئێران لە ناوچە وشکەڵان و نیمچە وشکەکانی وڵاتەکەدان، بۆیە بەرکەوتەی تاك لە ئاوی شیرین لەم ناوچانەدا یەکێکە لە نزمترین بەرکەوتەکان لە ئێراندا. هەروەها دەکرێت بە کانزاکردنی یۆرانیۆم و هاڕینی، بەبیابانبوون و خراپبوونی زەوییەکانی ئەو ناوچانە خێراتر بکات و ببێتە هۆی کەم ئاوی و کەمبوونەوەی ئاوی ژێرزەوی.

بێگومان وەبەرهێنانی ئێران لە تەکنۆلۆجیای سەرەتایی سووڕی سووتەمەنیدا تەحەدایەکە بۆ لۆژیکی ئابوری. دەبێت تێچوونی بەرهەمهێنانی یۆرانیۆمی نزم پیتێندراو، تێچوونی دەرهێنانی یۆرانیۆم و گۆڕینی دووەم ئۆکسیدی یۆرانیۆم بۆ شەشەم فلۆریدی یۆرانیۆم و پیتاندنی، هەروەها بە پێچەوانەوە گۆڕینی بۆ ئۆکسیدی یۆرانیۆم و دروستکردنی سووتەمەنی، لەبەرچاوبگرێت. تێکڕای تێچوونی دروستکردنی یەك کیلۆگرام لە سووتەمەنی بۆ کوورەیەکی ئەتۆمی، بە پێی نرخی بازاڕی نێودەوڵەتی لە ساڵی 2011دا گەیشتە نزیکەی 2770 دۆلار. هەروەها دابینکردنی بڕی سووتەمەنی دروستکراو بۆ کوورەیەك بە توانای 1000 میگاوات بۆ یەك ساڵ پێویستی بە نزیکەی 20 هەزار کیلۆگرام لە سووتەمەنی بە تێچوونی نزیکەی 55 ملیۆن دۆلار هەیە.

دامـەزراوە بچووکەکانی پیتاندنی ئێران، سەرکەوتوو نابن لە قۆزتنەوەی زیـادەی قەبارەدا، ئەمەش مانای وایە لە دامـەزراوە گەورەکان زیاتریان تێدەچێت. بۆ نمونە، زەحمەت دەبێت دامەزراوەی پیتاندنی بەرازیل لە ریزبەندی (Resende) کە 203 هەزار یەکەی جیاجیای کـار(SWV)ی هەیە – بریتییە لە قەبارەی ئەوکارەی لە پرۆسەی پیتاندندا بە ئەنجام دەگەیەندرێت – لەڕووی بازرگانییەوە کێبڕکێی دامـەزراوەی یۆرینکۆ (Urenco) لە نیو مەکسیکۆ بکات کە 3 ملیۆن یەکەی جیاجیای کار(SWV)ی هەیە. لە کاتێکیشدا کە تێچوونی سەرمایەی دامەزراوە بەرازیلییە بچووکەکە بە 1500 دۆلار بۆ هەر یەکەیەکی جیا جیای کار مەزەندە دەکرێت، یۆرینکۆ نزیکەی سێ یەکی ئەو بڕەی تێدەچێت.

سەرەڕای ئەو وەبەرهێنانە گەورەیەش، هێشتا بەرنامەی پیتاندن لە ئێران لەڕووی قەبارەوە بە شێوەیەکی رێژەیی بچووکە. تێکڕای بەرهەمهێنانی یەکەکە جیاجیاکانی کار (SWV)، ساڵی 2012دا لە نێوان 7 هەزار و 8 هەزار کیلۆگرام بووە لە ساڵێکدا. دامەزراوەی ناتانزیش وا دروستکراوە کە نزیکەی 50 هەزار ئامێری دەرکردنی ناوەندی لەخۆبگرێت، هەروەك توانای لەخۆگرتنی دامەزراوەی فۆردۆی پارێزرا و دەگاتە 3 هەزار ئامێری دەرکردنی ناوەندی. هەرچەندە ئێران دانانی ئامێرەکانی دەرکردنی ناوەندی لە فۆردۆ تەواو کردووە، بەڵام نەیتوانیوە کار بە زیاتر لە 12 هەزار ئامێری دەرکردنی ناوەندی لە ناتانز بکات. هۆکاری ئەوەش بە شێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتوبەندەکانی هەناردەکردن کە ئێران لە ماددەی دەگمەنی پێویست بۆ بەرهەمهێنانی ئامێری دەرکردنی ناوەندی (وەك ئاسنی کاربۆن نزم، ریشاڵی کاربۆن و قفڵی بەتاڵکردنەوەی بەرز) بێبەش دەکات.

بە هۆی ئەو کۆتوبەندانەش کە خراونەتە سەر کڕینی کەلوپەل لە ئێران و لەکارکەوتنە میکانیکییە دووبارەبۆوەکان لە نمونە سەرەکییەکەی

ئامێرەکانی دەرکردنی ناوەندی (IR-I)دا، تیچوونی سەرمایەیی ئێران بە شێوەیەکی نائاسایی بە بەرز دادەنرێت. لە کاتێکیشدا کە خەرجییە وردەکان نەزانرون بە هۆی چەندین ساڵ لە چالاکی نهێنی و کڕینیان لە بازاڕی ڕەش، ئەوا دەکرێت کۆی تێچوونی ئەم دامەزراوانە بە بەراورد بە دامەزراوەی هاوقەبارە لە وڵاتانی تازەپێگەیشتووی دیکەدا مەزەندە بکرێت. بەڵام هەندێك لە دامەزراوەکانی ئێران لە حەشارگەی قووڵی ژێر زەویدا پارێزراون و سیستمی بەرگری ئاسمانی پارێزگارییان لێدەکات، بۆیە دەکرێت پێشبینی ئەوە بکرێت کە تێچوونەکەیان بەشێوەیەکی بەرچاو زیاتربێت لە دامەزراوەی هاوقەبارەیان لە وڵاتانی دیکەدا. بە پشتبەستن بە زانیارییەکانی ئەو دیزاینەی پێشکەش بە ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم کراوە، ئەوا مەزەندەیەکی نزیکەیی تێچوونی دامەزراوەکانی سووڕی سووتەمەنی لە ئێران بە نزیکەی یەك ملیار دۆلار دادەنێت.

بە لەبەرچاوگرتنی هەموو گۆڕانکارییەکانیش، هەنێك لە مەزەندەکان دەریدەخەن کە دەکرێت تێچوونی پیتاندنی ناوخۆیی لەو سووتەمەنییە زیاتر بێت کە لە بازاڕی نێودەوڵەتی بە نزیکەی 125 ملیۆن دۆلار دەکڕدرێت.

هەروەها کۆتوبەندە تەکنۆلۆژیەکانیش کاریگەرییان دەبێت لەسەر ئایندەی پیتاندنی ناوخۆیی لە ئێران. چونکە ئێران ڕوبەڕووی ئاستەنگ بووەوە لە گۆڕینی یۆرانیۆمی پیتێندراو بۆ ستوونی سوتەمەنی. پاش نزیکەی سێ دەیەش لە هەوڵی دروستکردنی سوتەمەنی ئەتۆمی، ئێران تەنیا سەرکەوتوو بوو لە بەرهەم هێنانی نمونەی سەرەتایی بۆ بەکارهێنانی یۆرانیۆمی سروشتی و نزم پیتێندراو کە هێشتا پێویستی بە تاقیکردنەوەی هەیە لە هەلومەرمەرجێکی قورسدا. هەروەها ئێران کوورەی تایبەت بە تاقیکردنەوەی نییە، کە بەکاردەهێنرێن بۆ ئەوەی ستوونە ئاسنینەکانی سووتەمەنی ئەتۆمی تێدا بۆ ماوەیەکی

زۆر و لە هەلومەرجێکی سەختدا بدەنەبەر تشیکدانەوە بۆ زامنکردنی سەلامەتییان.

بـەڵام تـەنـانـەت ئـەگـەر ئـێـران ببێتە خـاوەنـی ئـەم جـۆرە تەکنۆلۆژیایەش، ئەوا مافی خاوەندارێتی رێگە نادات بە دروستکردنی بەستەری سووتەمەنی کوورەی بوشەهر هەتا کوورەکە لەژێر مەرجی گرێبەستەکەی روسیادا بێت. هەر پێشێلکردنێکیش گەرەنتیەکانی سەلامەتی و کارکردنی روسیا کۆتایی پێدەهێنێت کە دراون بە کوورەکە. بەدڵنیاییشەوە ئێران تەنیا دەوڵەت نییە روبەڕووی ئەم ئاستەنگانە بووبێتەوە، چونکە ئاڵۆزی تەکنۆلۆژیای دەرکردنی ناوەندی زۆر وڵات ناچار دەکات – بەو دەوڵەتانەشەوە کە دووچاری سزای نێودەوڵەتی نەبوون – شارەزایی بیانی بەکاربهێنن بە تایبەتی تەکنۆلۆژیای روسیا و ئەوروپا (Urenco) لە دامەزراوەکانی تایبەت بە پیتاندندا. بۆ نمونە چین ئەوەی هەڵبژاردووە ئامێرەکانی دەرکردنی ناوەندی روسیا لەبری ئامێرە دروستکراوەکانی چین لە وێستگەکانی پیتاندنی تایبەت بەخۆی، بەکاربهێنێت.

هەروەها زۆرێـك لە وڵاتـە پێشکەوتووەکان باشترین بـژاردە پـەیـڕەودەکـەن لـەڕووی تێچوونی پشتبەستوو بە سووتەمەنی هاوردەکراو، کە ئەوەش جیاوازییەکی سەرنجڕاکێشە بە بەراورد بە هەوڵی ئێران بۆ بوونە خاوەنی بەرنامەیەکی نیشتمانی بۆ پیتاندنی یۆرانیۆم. بۆیە دوای هەڵسەنگاندنی سوودی کارپێکردنی دامەزراوەی سەرەتایی، هەریەك لە بەلجیکا و سوید بڕیاریاندا کە هاوردەکردنی یۆرانیۆمی پیتێندراو لەبری چارەسەرکردنی لە ناوخۆدا لەڕووی ئابوورییەوە بژاردەیەکی باشتر دەبێت. ئێستاش هەر حەوت کوورەکەی بەلجیکا زیاتر لە نیوەی پێویستییەکانی وڵات لە کارەبا دابین دەکەن بەبێ پشتیوانی هیچ دامەزراوەیەکی ناوخۆیی پیتاندن. هەرچی سویدیشە ئەوا 10 کوورەی وزەی ئەتۆمی هەیە کە لە کاردان

و زیاتر لە 40%ی پێویستییەکانی وڵات لە کارەبا بەرهەم دەهێنن، لەگەڵ ئەوەشدا سوید هەموو پێداویستییەکانی لە سووتەمەنی ئەتۆمی هاوردە دەکات.

**وزەی ئەتۆم: ئاسایشی وزە یان نا ئاسایشی**

حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی ئێران بەوە بیانووی هەوڵدانیان بۆ وزەی ئەتۆم دەهێننەوە کە مەرجێکی پێویستە بۆ هێشتنەوەی وڵات لە قۆناغی دوای نەوتدا. بەڵام ئەو خواستە گۆڕا بۆ نەهامەتی بۆ کەرتی وزەی ئێران کاتێك بووە هۆی سەپاندنی سزای نێودەوڵەتی قورس بەسەر وڵاتەکەدا. ئەم ڕێوشوێنانەش پیشەسازی نەوت و گازی ئێرانی خستە بارێکی کارەساتبارەوە، هاوکات سەرچاوەکانی دیکەی وزەی سروشتی لە ئێران بە فەرامۆشکراوی مانەوە. ئاشکرایە کە بنەمای لۆژیکی بۆ وەبەرهێنانی ئێران لە وزەی ئەتۆمدا و بەتایبەتی لە پیتاندنی یۆرانیۆمدا، نە لەگەڵ واقیعی سەرچاوە بەردەستەکانی دا یەکدەگرێتەوە و نە لەگەڵ پێویستییەکانی کەرتی وزەشی لە ئایندەی نزیکدا.

هیچ پلانێکی ستراتیجی دروستی وزە ئەولەویەت ناداتە وزەی ئەتۆم لە وڵاتێکی وەکو ئێراندا. یەدەگی نەوتی چەسپاوی ئێران دەگاتە 151 ملیار بەرمیل، ئەمەش ئێران دەخاتە پلەی چوارەم لە جیهاندا. هەروەها ئێران دووەم گەورەترین یەدەگی گازی هەیە لە جیهاندا لە پاش روسیا، کە بە 1046 ترلیۆن پێ سێجا مەزەندە دەکرێت. سەرچاوەکانی یۆرانیۆم لە ئێران بەراورد بە سەرچاوەکانی دیکە لە بواری وزەدا ، بەهایان زۆر کەمە، چونکە دەکاتە 0.13%ی سەرچاوە نەوتییەکانی وڵات و 0.09%ی سەرچاوەکانی لە گاز و 8.8%ی تواناکانی لە وزەی ئاویدا (سەیری خشتەی 2 بکە). ئەمەش مانای وایە ئەوەی وزەی ئەتۆم لە ئێران لە کاتی بەدەستهێنانی وزەدا دەیڕەخسێنێت زۆر

کەمە. بۆیە هەرچەندە وزەی ئەتۆم لەڕووی ژینگەییەوە خوازراوە، بەڵام لەڕووی ئابوورییەوە بژاردەیەکی کێبڕکێکاریی نییە. بۆ نمونە لە ساڵی 2009 دا هەر کیلۆواتێك لەو توانای ئەتۆمییەی دامەزرێندرابوو 4 هەزار دۆلاری تێدەچوو، لە کاتێکدا هەمان بڕ لە گاز 850 دۆلاری تێدەچوو. (لە ساڵی 2009 شەوە نرخی گازی سروشتی زۆر پاشەکشەی کردووە بە هۆی گەیشتن بە یەدەگی نوێی گازی بەردین).

**خشتەی (٢)**

**مەزەندە چەسپاوەکانی کۆی یەدەگی ئێران لە وزە**

| | جۆری سوتەمەنی | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ئاسن | نەوت | گازی سروشتی | یۆرانیۆم | ئاوی | کۆی گشتی |
| سەرچاوە مەزەندەکان بە یەکەی "ئیکساجۆل"⋆ | ٦ | ١,١٠٥,٦ | ١,٦٢٦,٦ | ١,٥ | ١٧ | ٢,٧٥٦,٧ |

تێبینی: سووتەمەنی ئاسنین خەڵووز، خەڵووزی بەردین، تەختەی بارزگانی دەگرێتەوە.

ئێکساجۆل «Exajoule»: یەکەیەکی پێوانەکردنی وزەیە دەکاتە 10 جۆل یان (E1.0 18+) جۆل. جۆلیش یەکەیەکی پێوانەکردنی پەیوەندی نێوان قەبارەی کاری ئەنجامدارو و ئەو وزەیەیە کە لێی بەرهەم هاتووە. هەروەها پێشی دەوترێت: مەتر نیوتن یان چرکە وات یان کۆلۆم ڤۆڵت. ئەم پەیوەندییەش لە لایەن زانا جیمس بریسکوت جۆل-ەوە دیاریکراوە. جۆلیش دەکاتە هێزێك بە توانای 1 نیوتن لە درێژی 1 مەتردا، یاخود بەکارخستنی توانایەك بە بڕی 1 وات بۆ ماوەی 1 چرکە، یان ئەو وزەیەی تەزوویەکی کارەبایی پەیدای دەکات کە بڕەکەی 1 کۆلۆم بێت کاتێك خێرا دەکرێت لە نێوان جیاوازی توانایەك بەبڕی 1 ڤۆڵت. (نوسەر).

بەر لە شۆڕشی ئیسلامی، بەرهەمی نەوتی ئێران لە نێوان 6 ملیۆن بەرمیلی رۆژانەدا بوو، لەو بڕەش 5 ملیۆنی هەناردەی دەرەوە دەکرا. لە ساڵی 1980یشدا بەرهەمهێنانی نەوت دابەزی بۆ 1.5 ملیۆن بەرمیلی رۆژانە. پاشان وردە وردە بەرزبۆوە بۆ 4.5 ملیۆن بەرمیلی رۆژانە. لە ئێستاشدا بەرهەمهێنان لە سایەی ناجێگیرییەکەی لە ئەنجامی ئەو ئابڵوقە نەوتییەی لەلایەن یەکێتیی ئەوروپاوە سەپێندراوە، هەروەها ئەو ئابڵوقەیەی خراوەتە سەر دڵنیایی گواستنەوەی نەوت، لە دەوروبەری 2.6 ملیۆن بەرمیلی رۆژانەدا بەرزونزم دەکات. بەڵام لە هەمانکاتدا بەکاربردنی ناوخۆیی بە خێرایی بەرزبووەتەوە، قەبارەی هەناردەی نەوتی خاویش وردە وردە دابەزیوە بۆ زیاتر لە نیوەی ئاستی خۆی لە ساڵی 1979دا، لە هەمان کاتیشدا ژمارەی دانیشتووان زیاتر لە دوو هێندە بەرزبۆتەوە. لە ئێستاشدا نەوت و گاز رۆڵێکی ناوەندی دەگێڕن لە پشتیوانیکردنی ئابوری ئێراندا، چونکە لە ساڵی 2011دا نزیکەی نیوەی داهاتی حکومەت و 80%ی کۆی هەناردەکانیان بەرهەم هێناوە.

گازی سروشتیش 53%ی کۆی بەکاربردنی ناوخۆیی لە وزە لە ئێران پێکدەهێنێت، هەرچی 44% ەکەی دیکەشە ئەوا زۆربەی لە نەوتەوە دێت. لە ساڵی 2010یشدا بەکاربردنی گازی سروشتی بە نزیکەی 5.1 ترلیۆن پێ سێجا مەزەندە کراوە، بەڵام پێشبینی دەکرێت ساڵانە بەڕێژەی 7% لەماوەی دەیەی داهاتوودا گەشە بکات. لەگەڵ بەرهەمهێنامی گازیش بە تێکڕای 5.2 ترلیۆن پێ سێجا لە ساڵی 2010دا، ئەوا ئێران تەنیا 5%ی یەدەگی گازەکەی بەکارهێناوە. هەرچی وزەی ئاویشە ئەوا دەگاتە کەمتر لە 2%ی بەکاربردنی وزە لە ئێران، لە کاتێکدا پشکی خەڵوز لە 1% کەمترە.

لەماوەی دەیەی رابردوشدا خواست لەسەر وزە، ساڵانە بەڕێژەی نزیکەی 5% گەشەی کردووە. بۆیە پێویستی بۆ توانای نوێ لە ئێران

مەسەلەیەکی گرنگە. هەندێك لە وێستگەکانی وزەش بە ڕێژەی 10%ی توانا بنەڕەتییەکەیان کاردەکەن، چونکە بەشێکی زۆری ژێرخانی وزەی کارەبا لە وڵاتەکە لە بارێکی وێراندایە، پچڕانی تەزووی کارەباش بووەتە پەتایەکی جێگیر لە مانگەکانی هاویندا.

تێکڕای پاڵاوتنی نەوت (Oil Recovery) لە ئێران بە نزم دادەنرێت و لە نێوان 20% و 30% دایە، ئەمەش مانای وایە توانای ئێران لە بەرهەمهێناندا ساڵانە بە ڕێژەی 13% لە کەرتی نەوتی دەریایی و نزیکەی 8% لە بیرەکانی وشکانیدا بەکاردەهێنرێت. هەربۆیە ئێران پێویستی بە توانای نوێ لە نێوان 400 هەزار و 700 هەزار بەرمیلی ڕۆژانە هەیە تا پارێزگاری لە ئاستی بەرهەمهێنانی ئێستا بکات. بە پێی قسەی سەرۆکی لیژنەی وزە لە پەرلەمانی ئێران، وڵاتەکە ڕوبەڕووی مەترسی ئەوە بووەتەوە کە ببێتە هاوردەکارێکی تەواوی نەوت لە ماوەی حەوت ساڵدا.

وەکو ڕەوشی پیشەسازی نەوت، کەرتی گازی ئێرانیش لە کێشەدایە. زیاتر لە 2\3ی گازی سروشتی ئێران لە کێڵگە تەنیاکاندایە (ئەوانەی تەنیا گازیان تێدایە بە بێ نەوت) و پەرەشیان پێنەدراوە. هەرچەندە ئێران دووەم گەورەترین یەدەگی نەوتی گازی سروشتی لە جیهاندا هەیە، بەڵام لە پلەی بیست و پێنجەمینی هەناردەکارانی گازی سروشتیدایە. هەروەها نزیکەی 70%ی گازی سروشتی بەرهەمهاتووی ئێران خراوەتە بازاڕەوە، لە کاتێکدا نزیکەی 16%ی لە چوارچێوەی پاڵاوتنی نەوتدا سەرلەنوێ بەکار هاتۆتەوە، ڕێژەی گازی کەمبۆوە (لەکاتی دەرهێناندا) و ونبو و سوتاویش 14%ی ئەوەندەی دیکەی بووە.

ژێرخانی کۆنی وزە لە ئێران پێویستییەکی زۆری بە چاکسازی و نوێکردنەوە هەیە. لە کاتێکیشدا ئەو وزەیەی لە وێستگەی بوشەهر بەرهەم دێت دەکاتە 2%ی بەرهەمهێنانی کارەبا لە ئێران، ئەوا

نزیکەی 15%ی کارەبای بەرهەمهاتوو لە وڵاتەکەدا لە ڕێی هێڵەکانی گواستنەوەدا لەدەست دەچێت بە هۆی ژێرخانی کۆن و خراپ بەڕێوەبردنەوە. ئەو بڕە وزەیەش کە ساڵانە لە ئێران لە دەست دەچێت سەرسوڕهێنەرە: 15% لە وێستگەکانی وزە و 13% لە پاڵاوگەکان و 8% لە پرۆسەکانی گواستنەوەدا. هەروەها ئێران بەشێك لە گازی سروشتی لە سەری بیرەکاندا دەسووتێنێت کە زیاترە لە زۆربەی دەوڵەتانی دیکەی ئەندام لە ڕێکخراوی وڵاتانی هەناردەکاری نەوت (ئۆپێك).

بەکاربردنی دەستبڵاوانەش زیانێکی گەورە بە کەرتی وزەی ئێران دەگەیەنێت، ئەوەش بەشێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ سێ دەیە لە پاڵپشتیکردنی زۆری وزە. تەنیا پاڵپشتیکردنی کارەبا لە ساڵی 2009 دا زیاتر لە 11 ملیار دۆلار بووە، لە ساڵی 2010یشدا مەزەندە کرا کە کۆی پاڵپشتیکردنەکە نزیکەی 10% لە کۆی بەرهەمی ناوخۆیی ئێران بێت. هەروەها لەگەڵ ئەوەشدا کە نرخی وزە دەکاتە 11%ی نرخی بازاڕی ڕکابەری، ئەوا نرخی ئاو تا کاتێکی نزیکیش لە ئێران لە نرخی بەنزین گرانتر بوو.

هەنگاوی پۆزەتیڤ نراون بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشە درێژخایەنە. لە کانونی یەکەم 2010دا حکومەتی ئێران بەرنامەیەکی چاکسازی ئابوری بۆ بەرزکردنەوەی پلە بە پلەی پاڵپشتی دەستپێکرد. نرخی بەنزین کە بڕی نزیکەی 12 ملیۆن ئۆتۆمبێل لە وڵاتدا دابین دەکات، لە شەو و ڕۆژێکدا بووە چوار هێندە. هەروەك نرخی سۆلاریش (گاز) کە بڕی کەرتی گواستنەوەی بازرگانی لە ئێران دابین دەکات، نۆ هێندە بەرز بووەوە. گازی سروشتیش کە ڕاستەوخۆ دەچێتە ماڵی 75%ی دانیشتووان، هەشت ئەوەندەی نرخی رابردووی گرانتر بوو.

ئەگەر هەڵگرتنی پاڵپشتی بتوانێت بەشێوەیەکی زۆر خواست لەسەر وزە کەم بکاتەوە، ئەوا دەکرا ئەو وزە دابینکراوە چەند هێندەیەك لە بڕی ئەو کارەبایەی چەند وێستگەیەکی وزەی ئەتۆم

بەرهەمی دەهێنن، زیاتر بووایە. بەڵام قەیرانە ئەتۆمییەکە و گوشاری سزاکان دواتر بەرنامەی چاکسازی، پاڵپشتییەکەیان لاواز کرد. پەرلەمانی ئێرانیش قۆناغی دووەمی چاکسازییەکانی لە تشرینی یەکەم 2012 دا راگرت، ئاماژەی بۆ ئەو کەمبونەوە زۆرەش کرد کە لە بەهای دراوی ئێراندا دروستبووە، هەروەك زیادکردنی سەرەتایی نرخی وزەشی هەڵوەشاندەوە.

گۆڕینی ئەم بارە، گران دەکەوێت. بۆ راگرتنی ئەم ئاڕاستانە یان پێچەوانەکانیان و بۆ گەشەپێدانی پرۆژەی نوێی سەرەتایی نەوت و گاز، ئێران پێویستی بە وەبەرهێنانی سەرمایەیەکی گەورە و تەکنۆلۆژیای نوێ هەیە. قەیرانی ئەتۆمیش کەشی نێودەوڵەتی گرژ کرد و بووە مایەی لەدەستدانی وەبەرهێنانی بیانی لە کەرتی وزەدا، کە بە نزیکەی 60 ملیار دۆلار مەزەندە کرێت. بەپێی قسەی دەسەڵاتدارانی ئێرانیش وڵاتەکە بەلای کەمەوە پێویستی بە 300 ملیار دۆلار وەبەرهێنان هەیە لەماوەی دەیەی داهاتوودا، بۆ گەشەپێدانی کەرتی نەوت بەسەرکەوتوویی.

دەکرێت گازی سروشتی چارەسەرێکی باشتر بێت لە بەرنامە ئەتۆمییەکە بۆ هەندێك کێشەی وزە لە ئێران. چونکە وێستگەکانی وزە کە سەرمایەیەکی کەمیان تێدەچێت و دەکرێت بەخێرایی بنیات بنرێن و دڵنیاییەکی بەرزیش دابین دەکەن و سەرنجراکێشترین هاوسەنگی کاربۆنیش پێشکەش دەکەن لە نێوان بژاردەکانی سوتەمەنیەکانی ناخی زەویـدا. سەرباری ئەوەش ئێستا ئێران شارەزاییەکی زۆری لە بەرهەمهێنانی تۆربینی گازدا هەیە، لەم بوارەشدا پشت بەخۆی دەبەستێت. ئەگەر ئێران بتوانێت لەدەستچوونی گازی سروشتی لەسەری بیرەکاندا کەم بکاتەوە، ئەوا دەتوانێت وزەیەکی کارەبا بەرهەم بهێنێت بە بەشێکی کەمی تێچوونی وزەی ئەتۆم. هەروەها دەکرێت کۆکردنەوەی ئەو گازەی بەڕێژەی زیاتر لە تێکڕای سووتاندنی

گاز لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەمریکای باکوور، دەسووتێندرێت، هەروەها بەکارهێنانی، پاڵپشتی پرۆژەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا بکات کە هاوتای دوو تا چوار کوورەی ئەتۆم بە توانای 1000 مێگاوات بوونەتەوە.

هەرچۆنێك بێت، دەتوانرێت مشتومڕی ئەوە بکرێت، کە سەرچاوە ئاساییەکان تەمەنێکی دیاریکراویان هەیە و دۆستی ژینگەش نین. بەڵام ئێران سەرچاوەی دیکەشی هەیە و دەکرێت لەڕووی ژینگەییەوە سەرنجڕاکێشتریش بن و هێشتا تاڕادەیەکی زۆر نەشدۆزراونەتەوە.

ئێران لەگەڵ 300 رۆژی خۆرەتاو لە ساڵێکدا و 60% لە زەوی وشکەڵان و تێکڕایەك کە دەگاتە 2200 کیلۆ وات – سەعاتێك لە تیشکی خۆر بۆ هەریەك مەتر چوارگۆشە، دەرفەتێکی گەورەی هەیە بۆ سوود وەرگرتن لە وزەی خۆر. ئەم ئەگەرەش بە 3.3 ملیۆن تێراوات – سەعاتێك لە ساڵێکدا مەزەندە دەکرێت، ئەمەش لە 13 هێندەی کۆی بەرکاربردنی وزە لە ئێران زیاترە. چەند لێکۆڵینەوەیەکی دیکەش دەری دەخەن ئەو بڕە وزەیەی تەنیا 1%ی رووی زەوی لە ئێران وەریدەگرێت، دەکرێت هەموو خواستی ئێستای وڵاتەکە بۆ وزە پڕ بکاتەوە و بڕێکی هاوشێوەش بۆ هەناردەکردن بەرهەم بهێنێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا بەرهەمهێنەرەکانی وزەی کارەبای تیشکی لە ئێران پێشکەوتوو نین. چونکە تەنیا سیستمێکی خۆریی گەرمی بۆ بەرهەمهێنانی وزە بە توانای 250 کیلۆوات لە شیراز دانـراوە، هەروەها بەرهەمهێنەری هاوشێوە بە توانای نزیکەی 150 کیلۆوات لە ناوچەکانی وڵاتدا بڵاوکراونەتەوە. لە ئازاری 2011یشدا ئێران یەکەم دەرکەوتنی وێستگەی سوڕی خۆری بەخۆوە بینی کە بە تەواوی لە شاری یەزد دانرا. پرۆژەکەش نزیکەی 30 ملیۆن دۆلاری تێچوو، توانای سەرەتاییشی 478 میگاوات بوو، کە تەنیا 17 میگاواتی لە خۆرەوە وەردەگیرا.

بەو پێیەی ئێران وڵاتێکی شاخاویە و دەکەوێتە نێوان دوو رووکاری ئاوی گەورەوە، بۆیە توانایەکی زۆریشی هەیە بۆ بەکارهێنانی وزەی با. بەگوێرەی رووپێوییەکیش سەبارەت بە وزەی با کە 45 شوێنی گونجاوی لە وڵاتەکەدا گرتۆتەوە، ئێران دەتوانێت بەلای کەمەوە 6500 میگاوات لە وزەی با بەرهەم بهێنێت. ئەوەش دەکاتە شەش هێندەی ئەو وزەیەی کوورەی بوشەهر بەرهەمی دەهێنێت.

هەرچەندە ئێران لەنێو ئەو دەوڵەتە پێشەنگانەدا بووە کە لە سەدەکانی رابـردوودا وزەی بایان بەکارهێناوە، بەڵام کەرتی وزەی با لە وڵاتەکەدا هێشتا لە قۆناغی سەرەتاییدایە. ئەو 91 میگاواتەش کە هەردوو کێڵگەی سەرەکی با لە وڵاتەکەدا بەرهەمی دەهێنن کە دەکەونە هـەردوو شاری مانجیل و رۆدبـار لە باکووری وڵات، ئەوا بۆ مەبەستی ناوخۆیی بەکاردەهێنرێن. ئەگەر سەرچاوەکان لەم ناوچەیەشدا وەبەربهێنرێن، ئەوا ناکرێت ئەگەری ئەوە بەدوور بزانرێت کە ئێران ببێتە یەکێك لە دەوڵەتە پێشەنگەکانی جیهان لە وزەی بادا.

هەروەها ئێران سەرچاوەی زۆری وزەی گەرمی زەوی هەیە (خاڵە گەرمەکان) لەگەڵ ئەگەری توانایەکی بەرهەمهێنان کە دەکاتە نزیکەی 7 هەزار مێگاوات. لەگەڵ ئەوەشدا، لە سایەی تەرخانکردنی تەنیا 81 ملیۆن دۆلار بۆ وەبەرهێنان لەم سەرچاوەیەی وزەدا لە ساڵی 2000 وە تا ساڵی 2010 ، تەنیا یەك وێستگەی وزەی گەرمی زەوی لە ئێران دروستکراوە بە توانای 55 مێگاوات.

زۆرجار سەرکردەکانی ئێرانییەکان پێویستی ئاسایشی وزە بە نمونە دەهێننەوە وەك پاڵنەرێك بۆ دەستپێکردنی بەرنامەکەی وزەی ئەتۆم. لە رووی تێورییەوە دەکرێت ئەوە ئاسایش بەدیبهێنێت لەڕێی هەمەجۆرکردنی تێکەڵەی (سەرچاوە) وزە لە وڵات و تەرخانکردنی نەوتی زیاتر بۆ هەناردەکردن. رەنگە ئەم لۆژیکە لە حەفتاکانی سەدەی

رابــردوودا شیاوبوویێت بۆ ئێران، ئەوکاتەی بەکاربردنی کارەبا لە وڵاتەکەدا دەیکردە نزیکەی 14 هەزار مێگاوات و زۆربەی لە نەوتەوە بەرهەمدەهێنرا. بەڵام لە ئێستادا ئەوا لەگەڵ توانای بەرهەمهێنانی نزیکەی 61 هەزار مێگاواتدا، پشکی نەوت لە بەرهەمهێنانی کارەبای وڵاتەکە 14%یە. بۆیە دەکرێت پاساوێکی راستگۆیانەتر پێشکەش بکرێت سەبارەت بە گازی سروشتی کە 75%ی کارەبای دەوڵەتەکە بەرهەم دەهێنێت.

بەڵام ئایا وزەی ئەتۆم باشترین رێگا دەبێت بۆ بەهێزکردنی هەناردەکانی ئێران لە گاز؟ لەم چوارچێوەیە دا، تێبینی ئەوە دەکەین کە بۆ نمونە کوورەی بوشەهر ناتوانێت ساڵانە زیاتر لە یەك ملیار مەتر سێجا گازی سروشتی دابین بکات، ئەم بڕەش کەم دەبێتەوە ئەگەر بەراورد بکرێت بە 11 ملیار مەتر سێجا گاز کە لە بیرەکاندا دەسووتێندرێت.

بە گشتی، تۆماری وزەی ئەتۆم لە ئێران تۆمارێکی خەمۆکە. چوونکە لەبری پتەوکردنی ئاسایشی وزە لە ئێران، بەرنامە ئەتۆمییەکە توانای وڵاتی لە فرەجۆرکردن (سەرچاوەکانی وزە) و هێنانەدی سەربەخۆییەکی راستەقینە سەبارەت بە بەرهەمهێنانی، کەمکردۆتەوە. هەروەك ئەم بەرنامە ئەتۆمییەی ئێران وڵاتی کردۆتە نێچیری کۆمەڵێك سزای بەرفراوان و دوورەپەرێزییەکەشی قووڵتر کردۆتەوە، کە ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر رۆڵی ئێران وەك هەناردەکارێکی سەرەکی نەوت هەبووە. پێدەچێت ئەم زیانەش ئاکامی دوورمەودای هەبێت. ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمیش پێشبینی دەکات تەنانەت ئەگەر دەستبەجێش تەنگژە ئەتۆمییەکە چارەسەر بکرێت و سزاکانیش هەڵبگیرێن، ئەوا ئێران لەبارێکدا نابێت کە بتوانێت بگەڕێتەوە بۆ تێکڕایەکی بەرهەمێنانی نەوت کە بگاتە 4 ملیۆن بەرمیلی رۆژانە بەرلە ساڵی 2020.

## زیانی بەراوردکاری

زۆرجار کووره‌ی بوشه‌هر - یه‌كه‌م كووره‌ی له‌وجۆره‌یه‌ له‌ خۆرهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست - و ژێرخانی فراوانی ئێران تایبه‌ت به‌ سووڕی وزه‌ی ئه‌تۆم، له‌لایه‌ن حكومه‌تی ئێرانه‌وه‌ واپیشانده‌درێن که‌ دوو سیمبولن بۆ شاره‌زایی زانستی وڵات، به‌ تایبه‌تی به‌ به‌راورد به‌ چه‌ند ده‌وڵه‌تێكی هه‌رێمایه‌تی دیكه‌. به‌ڵام ئێران بڕێكی زۆر خه‌سڵه‌تی ته‌كنۆلۆژی نییه‌، به‌ڵام وڵاتانی دراوسێ، به‌ پێچه‌وانه‌ی ئێرانه‌وه‌، توانای گه‌یشتنیان به‌ بازاڕه‌كانی جیهان هه‌یه‌ به‌ بێ به‌ربه‌ست، پێشده‌چێت ئه‌م وڵاتانه‌ كه‌لێنه‌ ته‌كنۆلۆژییه‌كه‌ به‌ خێرایی پڕبكه‌نه‌وه‌. هه‌روه‌ها خودی هێزه‌ جیهانییه‌كانیش كه‌ سزاكانیان به‌سه‌ر ئێراندا سه‌پاندووه‌، پشتیوانی ئه‌م وڵاتانه‌ ده‌كه‌ن كه‌ خواستی ئه‌تۆمییان هه‌یه‌ و ئه‌وه‌یان هه‌ڵبژاردووه‌ به‌رنامه‌كانیان به‌ شێوه‌یه‌كی نمونه‌یی شه‌فاف بن.

له‌ راستیدا بایه‌خدان به‌ وزه‌ی ئه‌تۆم له‌ هه‌موولایه‌كی ناوچه‌كه‌دا گه‌شه‌ی كردووه‌. بۆیه‌ زۆرێك له‌ ده‌وڵه‌ كێبڕكێكاره‌كان هه‌وڵه‌كانیان بۆ به‌ده‌ستهێنانی ته‌كنۆلۆژیای ئه‌تۆمی چڕكردۆته‌وه‌. وه‌كو بانگه‌شه‌كانی ئێرانیش، هه‌موو ئه‌م ده‌وڵه‌تانه‌ خواسته‌كانیان خستۆته‌ چوارچێوه‌ی به‌رهه‌مهێنانی وزه‌ی مه‌ده‌نی.

كاتێك كووره‌ی بوشه‌هر له‌ قۆناغی دروستكردندا بوو، شانشینی عه‌ره‌بی سعودیه‌ و به‌حره‌ین و عومان و ده‌وڵه‌تی ئیماراتی عه‌ره‌بی یه‌كگرتوو رایانگه‌یاند كه‌ بایه‌خ به‌ هه‌وڵدان بۆ به‌ده‌ستهێنانی به‌رنامه‌ی ئه‌تۆمی مه‌ده‌نی ده‌ده‌ن. ده‌وڵه‌تی ئیماراتی عه‌ره‌بی یه‌كگرتوو گرێبه‌ستێكی مێژوویی له‌گه‌ڵ هاوپه‌یمانێتییه‌ك به‌سه‌ركردایه‌تی كۆریا ئیمزا كرد كه‌ به‌هاكه‌ی به‌ نزیكه‌ی 20 ملیار دۆلار مه‌زه‌نده‌ ده‌كرێت بۆ بنیاتنانی چوار كووره‌ی ئه‌تۆمی له‌ وڵاته‌كه‌دا. ده‌وڵه‌تی ئیماراتی عه‌ره‌بی یه‌كگرتوو خۆی به‌ دوورگرت له‌ ته‌كنۆلۆژیای كۆنی روسیا و كووره‌كانی ئاوی قورسی كه‌نه‌دا كه‌ یارمه‌تیده‌رن بۆ بڵاوبوونه‌وه‌ی

ئەتۆمی، بەڵکو لەبری ئەوە، کوورەی ئەتۆمی پێشکەوتووی لە جۆری (APR-1400)ی لە کۆریای باشوور هەڵبژارد. هەروەها ئەم دەوڵەتە بچووکەی کەنداو بەنیازە تا ساڵی 2030 دە کوورە بنیات بنێت. بنیاتنانی یەکەم یەکەش لە تەمموز 2012دا دەستیپێکردووە، هەروەك ئەو شوێنەی بۆ بنیاتنانی وێستگەکان هەڵبژێردراوە، (بەراکە)یە، کە دەکەوێتە ناوچەی خۆرئاوای دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو، بەپێچەوانەی کوورەی بوشەهریشەوە دوورە لە هەر شارێکەوە.

دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو هەوڵی داوە ببێتە نمونەیەك بۆ بڵاونەبوونەوەی ئەتۆمی ئەویش بە ئیمزاکردنی پرۆتۆکۆلی سەرباری رێککەوتنی گەرەنتی تایبەت بە خۆی لەگەڵ ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم و پەسەندکردنی، ئەمە جگە لەوەی کە رایگەیاندووە هیچ خواستێکی بۆ پیتاندنی یۆرانیۆم یان چارەسەرکردنی سووتەمەنی بەکاربراو نییە بۆ دەرهێنانی پلۆتۆنیۆم. چەند کۆمپانیایەکی روسیا و فەرەنساش بەکرداری چەند رێککەوتنێکیان بۆ ماوەی 15 ساڵ ئیمزا کردووە بۆ دابینکردنی سووتەمەنی ئەتۆمی و خزمەتگوزاری گۆڕین و پیتاندنی چوار کوورە ئەتۆمییەکەی دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو. بە ئیمزاکردنی «رێککەوتنی123»ی نمونەیی لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەوا دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو تا دوورترین ماوە رۆیشتووە لە پێشکەشکردنی گەرەنتی سەربار و پابەندکەر سەبارەت بە مەسەلەکانی رێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ئەتۆمی و ئاسایش و سەلامەتی. بانکی هەناردە و هاوردەکانی ئەمریکاش لە ئەیلولی 2012دا رەزامەندی دەربڕی لەسەر پارەدارکردنی وێستگەی بەرەکە بە بڕی دوو ملیار دۆلار بۆکڕینی پێکهێنەر و خزمەتگوزاری لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. هەروەها شانشینی یەکگرتوو و ژاپۆنیش یاداشتی لێکتێگەیشتنیان ئیمزا کرد سەبارەت بە هاوکاریکردنی دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو لە بواری وزەی

ئەتۆمدا، هەروەك فەرەنساش ڕێككەوتنێكی هاوكاری ئەتۆمی لەگەڵ دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی یەكگرتوودا هەیە. ئوستralیاش لە ئابی 2012دا ڕێككەوتنی گەرەنتی دووقۆڵی لەگەڵ دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی یەكگرتوو ئیمزا كردووە.

لە ئابی 2009یشدا دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی یەكگرتوو بە ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی ڕاگەیاند كە ئامادەیە بۆ چوونەناو ڕێككەوتنی سەلامەتی ئەتۆمی و ڕێككەوتنی هاوبەش سەبارەت بە ئیدارەدانی سەلامەتی سووتەمەنی بەكاربراو و ئیدارەدانی سەلامەتی پاشەڕۆ تیشكاوەرەكان. لە كاتێكی دواتری ئەو ساڵەشدا، یاسای ئیماراتی یەكگرتوو دەرچوو سەبارەت بە بەكارهێنانە ئاشتیانەكانی وزەی ئەتۆم كە سیستمێكی بۆ مۆڵەتپێدانی مادده ئەتۆمییەكان و چاودێریكردنیان دابینكرد. ئەمە جگە لە پێكهێنانی «دەستەی ئیتیحادی بۆ چاودێری ئەتۆمی» بە مەبەستی سەرپەرشتیكردنی تەواوی كەرتی وزەی ئەتۆمی ئیمارات. لە دەرەوەی ئەو دەستەیەش، ئەبوزەبی «ئەنجومەنی ڕاوێژكاری نێودەوڵەتی بۆ بەرنامە ئەتۆمییە ئاشتیانەكەی دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی یەكگرتوو»پێكهێنا كە لە شارەزایانی نێودەوڵەتی پێكدێت بەسەرۆكایەتی هانز بلێكس بەڕێوەبەری پێشووی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم.

ئەم سیاسەتانە ئەوەی بۆ دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی یەكگرتوو ڕەخساند كە كوورەی ئەتۆمی خاوەن پێوەری سەلامەتی بەرزتر و دیزانی بەهێز و مەودای كارپێكردنی دوورودرێژتر و بەكاربەری كەمتری سووتەمەنی و بەرهەمهێنەری پاشەڕۆی كەمتر بە بەراورد بەو كوورەیەی ئێران هەیەتی، بكڕێت. بۆ نموونە لە كاتێكدا كوورەی بوشەهری ئێران كە ڕوسەكان دروستیان كـردووە، بە یەكێك لە كوورەكانی نەوەی دووەم دادەنرێت، بەڵام دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی یەكگرتوو كوورەی پێشكەوتوو لە نەوەی سێیەم لە كۆریای باشوور

وەردەگرێت کە دیزاینیان ساکارترە و سەلامەتیشیان زیاترە و توانایەکی گەورەتریان هەیە لە بەکاربردنی سووتەمەنیدا. هەروەك ئیماراتییەکان دەشتوانن ببنە خاوەنی توانای گەیشتنی بێ کۆتوبەند و لەسەر ئاستی جیهانی بە تەکنۆلۆژیای ئەتۆمی و شارەزایی پەیوەندیدار بە سەلامەتییەوە.

ئەگەر دەوڵەتانی دیکەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەردەوام بن لە بنیاتنانی وێستگەی وزەی ئەتۆمی، ئەوا تێکڕای زۆرخێراتری بنیاتنان لەلای ئەوان لەڕووی ئابوورییەوە تێکڕای داهاتی باشتریان پێدەبەخشێت. پیشەسازی ئەتۆمی بانگەشەی ئەوە دەکات کە دەکرێت کوورە ئەتۆمییە پێشکەوتووەکانی وەك (AP-600) و (AP – 1000) دروستکراوی کۆمپانیای «وێستنگهاوس»، لەماوەی سێ ساڵدا بنیات بنرێن. هەروەها دەکرێت کوورە ئەتۆمییە پێشکەوتووە گەورەترەکانی جۆری (AWBR-1300) کە بە هەوڵی هاوبەشی هەردوو کۆمپانیای «جەنەراڵ ئەلیکتریك – هیتاشی» و «توشیبا» لەماوەی نزیکەی چوار ساڵدا بنیات بنرێن. بەم پێیەش، ئەگەر دواخستنەکانی پێش دەستکردن بە جێبەجێکردن و دواخستنەکانی ڕێکخستن لەبەرچاو بگرین، کە ڕەنگە مامناوەندی کات لەنێوان بایەخدانی سەرەتایی بە بنیاتنانی وێستگەی وزە ئەتۆمییەکە و دەستپێکردنی کار تێیدا، بۆ دە ساڵ درێژ بکەنەوە، ئەوا هێشتا هەر زەحمەتە بەراورد بکەین لە نێوان ئەو 38 ساڵەی ئێران پێیچووە بۆ بنیاتنانی کوورەی بوشەهر لەگەڵ وادە پێشبینیکراوەکان بۆ بنیاتنانی ئەو وێستگە پێشکەوتووانەی لەسەرەوە باسکران.

دەکرێت ئەوە بسەلمێندرێت کە بینینی خۆرهەڵاتێکی ناوەڕاستی ئەتۆمی لە سەرابێك زیاتر نییە، بەڵام بێگومان چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران خواستیان لەسەر وزەی ئەتۆم لە ناوچەکەدا زیاد کرووە. ڕاستە پاش گەشتێك کە 56 ساڵی خایاند، ئێستا ئێران ژێرخانێکی ئەتۆمی

ناوخۆیی هەیە کە لە وڵاتانی دیکەی ناوچەکەی جیادەکاتەوە، بەڵام وێستگەکانی وزەی ئەتۆم تێیدا نوێ نین یاخود لەڕووی بازرگانییەوە کێبڕکێکار نین یاخود سەلامەت نین بە قەد ئەوانەی چـاوەڕوان دەکرێت دەوڵەتانی دراوسێ بیانکرن لە بەرامبەر بەشێکی کەمتر لەو کات و وەبەرهێنانی سەرمایەیەی ئێران سەرفی کردوون.

## ئاگادارکردنەوە گوێ لێنەگیراوەکان

دوای تێپەڕبوونی چارەکە سەدەیەك بەسەر خراپترین کارەساتی ئەتۆمی جیهان لە چێرنۆبل، کارەساتە ئەتۆمییەکەی وێستگەی وزەی ئەتۆم لە فۆکۆشیما دایشی ژاپۆن مشتومڕێکی لە هەموو لایەکی جیهاندا هێنایەئارا سەبارەت بە حیکمەتی وێستگەکانی وزەی ئەتۆم و خاڵی لاوازی 430 وێستگەی ئەتۆم کە لە جیهاندا لە کاردان. ئەو کارەساتەی بەسەر ژاپۆندا هات، دەوڵەتانی وەك ئەڵمانیا و سویسرای ناچارکرد بڕیار بدەن بەرە بەرە هەموو کوورە ئەتۆمییەکانیان لە ماوەی دە ساڵدا لەناو ببەن. رەنگە مەترسییە روو لەزیادبووەکان دواجار ببنە مایەی داخستنی نزیکەی 30 وێستگەی ئەتۆمی لەرزۆك لەسەرانسەری جیهاندا کە زۆربەیان دەکەونە ناوچەی بوومەلەرزەوە یاخود نزیکن لە سنووره نیشتمانییەکانەوە.

سـەرەڕای ئەوەش هێشتا مەسەلەکە لە بابەتە قەدەغەکراوە سیاسییەکان دادەنرێت لە لای حکومەتی ئێران. لەگەڵ ئەوەشدا دیاردەیەکی نوێ لەنێو بەشێکی بەرفراوانی کۆمەڵگەی ئێرانیدا سەریهەڵداوە. چونکە ژمارەیەکی روو لەزیادبووی ئێرانییەکان لە نامەی کراوە و چاوپێکەوتنی میدیایی و کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا، بەڵگەی ئەوە دەهێننەوە کە بەرنامە ئەتۆمییەکەی حکومەت هەڕەشە لە ئاسایشی هاووڵاتیان و خۆشگوزەرانی ئابورییان دەکات و بەهێزیان ناکات.

لە پاش کارەساتەکەی فۆکۆشیما، ئەحمەدی نـەژاد سەرۆکی

ئەوکاتەی ئێران کە جارێکیان بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێرانی بە «شەمەندۆفێرێکی بێ برێك» شوبهاندبوو، وەڵامی مەترسییەکانی پەیوەست بە بە سەلامەتی تاکە کوورەی ئەتۆمی وڵاتەکەی لە بوشەهر دایەوە و رایگەیاند «کوورەکە هەموو بنەماکانی سەلامەتی و رێساکانی تێدایە و بەرزترین پێوەر لە وێستگەی وزەی ئەتۆمەکەدا جێبەجێ کراوە». ئۆباڵی ئەو کارەساتەشی خستە ئەستۆی «تەکنۆلۆژیای ژاپۆن کە کاتی بەسەرچووە». ئەحمەدی نـەژاد جەختیشی کـردەوە کە بوومەلەرزەیەکی گەورەی هاوشێوە «هیچ کێشەیەکی مەترسیدار» بۆ ئێران دروست ناکات. لەگەڵ ئەوەشدا هۆکارە کە مایەی نیگەرانی جدین سەبارەت بە وێستگەی وزەی ئەتۆمی بوشەهر. پێویستیشە زیادەڕۆیی نەکرێت لەم مەترسیانەدا یان فەرامۆش بکرێن.

وێستگەی بوشەهر کوورەیەکی ئەڵمانی - روسی لێکدراوە لە رووی کردەییەوە وەك دەفرێك وایە چەند کەلوپەلێکی لەخۆگرتووە کە هەندێکیان لێکدراون لەگەڵ تەکنۆلۆژیایەکی کۆندا. سروشتی بێ وێنەی کوورەکە مانای ئەوەیە ئێران ناتوانێت سوود لە شارەزایی دەوڵەتانی دیکە وەربگرێت لەلایەنی ئـەوەی پەیوەندی بە سەلامەتییەوە هەیە. کێشە ریشەییەکانی ئەم دۆخە پێش کارپێکردنی کوورەکەش دەرکـەوتـن، لە میانی ئەو تاقیکردنەوانەشدا کە لە شوباتی 2011 ئەنجامدران، چوار ترومپاکەی کوورەکە کە تایبەتن بە ساردکردنەوە لە باری نائاساییدا، زیانیان بەرکەوت و پارچە کانزای بچووك لە ئاوی ساردکەرەوەکەدا بڵاوبوونەوە. ئەو ترومپایانە دروستکراوی ئەڵمانیا بوون و مێژووەکەیان بۆ ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوو دەگەڕێتەوە. ئەندازیارە روسەکانیش گوشاریان خستە سەر ئێران بۆ ئەوەی ئەو 163 کۆمەڵگەیە لەناو دڵی کوورەکەدا بەتاڵ بکات کە سووتەمەنی یۆرانیۆمی نزم پیتێندراویان تێدابوو، بۆ رێگرتن لە هەر زیانێك کە پێیان بگات و ئەنجامدانی پاککردنەوەیەکی تەواو.

که ئەمەش بووە هۆی دواکەوتنێکی زیاتر لە کردنەوەی وێستگەکەدا کە چاوەڕوانکردنی زۆری خایاند. جارێکی تریش، لە تشرینی یەکەمی 2012دا کوورەکە داخرا و ستوونەکانی سووتەمەنی بەتاڵکران، ئەویش دوای دۆزینەوەی بزماری بەجێهێڵراو لە ژێر شانەکانی سووتەمەنیدا.

لەوەش زیاتر، کوورەی بوشەهر دەکەوێتە سەر یەکتربڕینی سێ پلێت (چین)ی تەکتۆنیەوە. بەپێی قسەی ئەو کۆمپانیا روسییەی کوورەکەی بنیاتناوە، ئەو نمونەیەی وەك بنەما بۆ کوورەی بوشەهر وا دیزاین کراوە کە بەرگەی بوومەلەرزەیەك بە گوڕی 7 پلەی پێوەری (MSK-64) بگرێت لە کاتی کارکردندا (دەکاتە 6 پلەی پێوەری ریختەر)، هەروەها بەرگەی بوومەلەرزەیەك بە گوڕی 8 پلەی پێوەری (MSK-64) بگرێت لە کاتی داخستنی سەلامەتیدا (دەکاتە 6.7 پلە بە پێوەری رێختەر).

ئێرانیش بوومەلەرزەی زۆر بەخۆوە دەبینێت کە لە 6 پلەی پێوەری رێختەر زیاترن. شیکارە بوومەلەرزەییەکانیش بۆ کوورەی بوشەهر لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی رابردوودا ئەنجامدراون کاتێك هێشتا تەکنیك توانای ئەوەی نەبوو کوێرە درزەکان (ئەو بۆشاییانەی توێکڵی زەوین کە لەسەر رووی زەوی بەڵگەیەکی بینراو لەسەریان لەبەردەستدا نییە) و گومەزی خوێیین (کۆبوونەوەی گەورەی خوێیینە لە ژێر زەویدا بەدرێژایی کەنار کەنداو) ئاشکرا بکات. دەگمەنی داتا مێژوویی و زانستییەکان، وایکردووە هەڵسەنگاندنی مەترسی بوومەلەرزەکان و تێگەیشتنی میکانیزمە هەڵەکانی کارکردن لە ناوچەی بوشەهر، کارێکی زۆر زەحمەت بێت. ئەگەرچی تاکە وێستگەی ئەتۆمی ئێران مەترسی تسۆنامییەکی هاوقەبارەی ئەو مەترسییەی لەسەر نییە کە سیستمەکانی کارەبا و سارکردنەوەی باری نائاسایی لە فۆکۆشیمای گرتەوە، ئەوا دیارە هۆشیارکردنەوە چەندبارە بوەکان سەبارەت بە مەترسی بوومەلەرزە لەسەر وێستگەی بوشەهر گوێیان لێنەگیرا.

هەر کارەساتێکی ئەتۆمی لە بوشەهر کاریگەری ئیقلیمی دەبێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە با هەمیشە لە بوشەهرەوە بە ئاڕاستەی باشوور و باشووری خۆرهەڵات دەڕوات، ئەوا دزەکردنی هەر ماددەیەکی تیشکاوەر، دەکرێت تا ئاستێکی زۆر هەڕەشە لە دەوڵەتانی دیکەی کەنداو بکات. بوشەهر زیاتر نزیکترە لە پایتەختەکانی دەوڵەتی کوەیت، دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو، قەتەر، عومان، بەحرەین و ناوچەی خۆهەڵاتی شانشینی عەرەبی سعودیە دەوڵەمەند بە نەوت نەك لە تاران. پێدەچێت تیچوونی پاككردنەوە و چاودێری پزیشكی و لەدەستدانی وزە و نیشتەجێکردنەوەی دانیشتووان سەدان ملیار دۆلار بێت بە درێژایی چەند دەیەیەك. هەروەك دزەکردنی دەرهاویشتەی کەرتبوونی ئەتۆمی تێشکاوەری بەرز زیانی زۆر بە تەندروستی مرۆڤ و ژینگە دەگەیەنێت. چونکە رەگەزە تیشکاوەرەکانی وەك «یۆد – 131» و «سیزیۆم – 137» و «سترۆنشیۆم – 90» و «پلۆتۆنیۆم 239-» کە تەمەنی ماددییان لە نێوان چەند رۆژێك و سەدان ساڵدایە، دەبنە هۆی زیانگەیاندن بە غودەی دەرەقــی و سییەکان و دڕکە مۆخ و چەند ئەندامێکی دیکەی گرنگی لەش. مایەی نیگەرانیشە کە بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئێران لایەنێك نییە لە پەیماننامەی ڤیەننا سەبارەت بەرپرسیارێتی مەدەنی لەبەرامبەر زیانە ئەتۆمییەکان، ئەوا دەکرێت خۆی بەدوور بگرێت لە بەرپرسیارێتی ئەگەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی کارەساتێکی هەرێمایەتی لێبکەوێتەوە.

کوورەی بوشەهر بە تەنیا سەرچاوەی نیگەرانی نییە سەبارەت بە سەلامەتی ئەتۆمی لە ئێران. چونکە کوورەی توێژینەوەی تارانیش لە دوای 46 ساڵ لە دروستکردنی، تەمەنی کارکردنی خۆی تێپەڕاندووە کە لە نێوان 35 بۆ 40 ساڵدایە. بە کرداریش چەندین رووداو لەم کوورەیەدا روویانداوە. راپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە لە ساڵانی 2001 و 2003دا ستوونەکانی کۆنترۆڵکردن بە کوورەکەوە لکاون و

ئێرانیش داوای یارمەتی تەکنیکی لە ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم کرد بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە.

ئێران پلان بۆئەوە دادەنێت دوو کوورەی دیکە بنیات بنێت: یەکێکیان کوورەیەکی توێژینەوەیە بە توانای 40 مێگاوات کە ئێستا لەقوناغی دروستکردندایە لە ئاراك کە 260 کیلۆمەتر لە باشوری خۆرهەڵاتی تارانەوەیە، دووەمیشیان کوورەیەکە بە توانای 360 مێگاوات لە دارخوین، لە نزیك سنووری عیراق. بەڵام هەژاری ئێران لە شارەزایی بنیاتنانی کوورەی ئەتۆمدا بە شێوەیەکی سەربەخۆ و ئەو سزایانەی ئێستا بە سەریدا سەپێندراون، گومانیان خستۆتە سەر پێوەرەکانی ئەو سەلامەتیەی کوورەکان پێیدەگەن.

سـەرەڕای ئەوەش کە ناوەندەکانی پیتاندن و چارەسەرکردنی سووتەمەنی بەسروشت سەلامەتترن، ئەوا بێمەترسیش نین، لە نزیك ئەم وێستگانەش ناوچەی شارستانی لێیە کە ئەوەش مایەی نیگەرانییە. لەم رووەوە هەزاران کەس لە هەردوو گوندی هەلیلە و بەندەرکا نیشتەجێن کە تەنیا 18 کیلۆمەتر لە باشووری بوشەهرەوە دوورە. دامەزراوەی گۆڕینی یۆرانیۆمیش لە ئەسفەهان تەنیا 15 کیلۆمەتر لە ناوەڕاستی ئەو شارەوە دوورە کە ژمارەی دانیشتووانی زیاتر لە دوو ملیۆن کەسە.

تۆماری لاوازی حکومەتی ئێران لە ئامادەکردنی سیاسیەتی پێشوەخت و ئیدارەدانی قەیرانەکان، سەرچاوەیەکی دیکەی نیگەرانییە. قەبارەی وێرانکاری و تێکڕای بڵاوبوونەوەی نەخۆشی و ژمارەی برینداربوان لە ئەنجامی کارەساتە سروشتییەکان لە ئێران، ئاماژەی بەرزی نائاسایی پیشاندەدات. چونکە لە ساڵی 1990دا بوومەلەرزەیەك بە گوڕی 7.4 (بەپێوەری رێختەر) شاری رودباری باکووری خۆرئاوای گرتەوە و بووە هۆی کوژرانی 40 هەزار کەس و برینداربوونی 60 هەزار کەس و دەربەدەربوونی 500 هەزار کەس. زیانی ئابوری ئەو

بوومەلەرزەیەش بە 7.2 ملیار دۆلار مەزەندە کرا کە زیاتر لە 7%ی کۆی بەرهەمی ناوخۆیی وڵاتەکە بوو لەو ساڵەدا. لە کانونی یەکەمی 2003یشدا کاتێك بوومەلەرزەیەك بە گوڕی 6.6 پلە بە پێوەری ڕێختەر شاری بەمی لە باشوری خۆرهەڵاتی وڵاتەکە گرتەوە، زیاتر لە 26 هەزار ئێرانی کوژران و نزیکەی 30 هەزاریش بریندار بوون و 100 هەزار کەسیش ئاوارەبوون و 85%ی بینا و ژێرخانی شارەکەی وێران کرد. بە پێچەوانەشەوە تەنیا چەند رۆژێك پێش بوومەلەرزەکەی بەم، بوومەلەرزەیەك بە گوڕی 6.6 پلەی پێوەری ڕێختەر شاری سان سیمۆنی لە کالیفۆرنیا گرتەوە و بووە هۆی کوژرانی سێ کەس و زیانگەیشتن بە 40 بینا.

حکومەتی ئێران روبەڕووبوونەوەی پرسیارە سەرەکیەکانی تایبەت بە ئامادەیی بۆ باری نائاسایی ئەتۆمی پشتگوێخست، بە راهێنانی تایبەت بە گواستنەوەی دانیشتووانی بوشەهریشەوە. ریشەی ئەم کێشانە خۆی لەو راستیەدا دەبینێتەوە کە بەپێچەوانەی زۆر دەوڵەتی ئەتۆمییەوە، ئەوا دەسەڵاتی ڕێکخستنی ئەتۆمی ئێران (Iran Nuclear Regulatory Authority) قەوارەیەکی سەربەخۆ نییە. لە سایەی نەبوونی جەماوەرێکی ئاگاداری پێشوەخت و رۆشنبیرییەکی بەرفراوانی سەلامەتیشدا، بوونی دەزگایەکی سەربەخۆی توند بۆ ڕێکخستنی ئەتۆمی، بە بنەمایەکی سەرەکی دادانرێت بۆ ئەوەی ئەولەویەت بدرێتە سەلامەتی و ئاسایش لە سەرجەم بایەخپێدانەکانی دیکە. ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمیش حکومەتی ئێرانی هاندا بۆئەوەی هەموو دەسەڵات و سەرچاوەی پێویست ببەخشێتە دەستەی ڕێکخستن بۆ راپەڕاندنی ئەرکەکانی بەشێوەیەکی سەربەخۆ. تا ئێستاش بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی ئێران وەڵامی ئەم راسپاردەیەی دابێتەوە، لەگەڵ پێشنیاری دیکەدا وەك زیادکردنی قەبارە و ئاستی شارەزایی کارمەندە تەکنیکییەکانی دەستەکە.

هەروەها ئاسایش بووەتە بەربەستێکی هەڕەشەئامێزی دیکە بۆ

بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران. ئێران لە نێو خراپترین وڵاتەکاندا پۆلێن دەکرێت لەڕووی سەلامەتی ماددەکان و عەمبارە ئەتۆمییەکەیەوە ( بە پلەی 30 هاتووە لەنێو ئەو 32 وڵاتەی رووپێوییەکە گرتوونیەتەوە). دەریشکەوتووە کە حکومەت بێ توانایە لە پاراستنی دامــەزراوە ئەتۆمییەکان و زاناکانیدا.چونکە زۆر زانای ئەتۆمی ئێران بەشێوەیەکی نادیار کوژراون. لە ساڵی 2010یشدا ڤایرۆسی «ستەکسنێت» (Stuxnet)ی کۆمپیوتەر بووە هۆی لەکارخستنی ئامێرەکانی دەرکردنی ناوەندی گازی لە وێستگەی ناتانز و پیسکردنی سیستمەکانی کۆنترۆڵ لە کوورەی بوشەهردا. هەروەك»ستەکسنێت» بووە هۆی زیانگەیاندن بە نزیکەی 20 ئامێری دەرکردنی ناوەندی لە ناتانز و تەواوی چالاکییەکانی پیتاندنی بەشێوەکی کاتی لەکارخست.

پیسبوونی ڤایرۆسی لە وێستگەی بوشەهر هاندەربوو بۆ دەرکردنی چەند ئاگادارکردنەوەیەك لەلایەن بەرپرسانی بواری ئەتۆمی روسیا کە هەمیشە بە کەمی هۆشیاری دەدەن. لە پاش ئەوە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران دووچاری ڤایرۆسی زیاتر بوەوە، وەکو ستارز (Stars) و فلەیم (Flame). ئەمجۆرە تۆمارە نیگەرانی سەبارەت بە توانای حکومەتی ئێران بۆ رێگرتن لە لایەنەکانی دەرەوەی دەوڵەتەکان و تیرۆریستان لە بەدەستهێنانی ماددەی ئەتۆمی هەستیار دووپات دەکاتەوە.

بەڵام لە ئەنجامی بەسیاسیکردنی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێراندا، مەترسییەکانی پەیوەست بە سەلامەتی و ئاسایش بوونەتە مەسەلەی لاوەکی. هەروەها هەوڵی سەرکردایەتی سیاسی ئێران بۆ سەلماندنی بێ کاریگەریی سزا نێودەوڵەتییەکان و شانازیکردن بە توانا ئەتۆمییەکانیەوە، کاریگەر خۆی هەبوو، وەك کردنەوەی پێشوەختەی کوورەی بوشەهر لە 21ی ئابی 2010دا. کەناڵەکانی راگەیاندنی ئێرانیش کە لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدان، وێستگەکەیان وا پیشان دا کە «تەنیا وێستگەیەکی وزەی ئەتۆم نییە، بەڵکو سیمبولی بەرەنگاری نیشتمانییشە لە دژی هێزە جیهانییەکان».

بەڵام پێویستبوو کردنەوەی ڕەسمی کوورەکە دوابخرێت بە هۆی چەندین کێشەوە کە لەمیانی قۆناغی تاقیکردنەوەدا دەرکەوتن.

وادیارە سووربوونی ئێران لەسەر ئەوەی دەبێت بە زووترین کات وێستگەکەی لەڕێی ئێرانییەکانەوە بەڕێوەببرێت، پاڵنەری سیاسی لە پشتەوە بوو. تەکنیکارە روسەکان بەڕێوەبردنی کـوورەی بوشەهر لە دووساڵی یەکەمی پاش بەڕەسمی کردنەوەیدا دەگرنە ئەستۆ پاشان تەسلیم بە ئێرانییەکان دەکرێت. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی زۆربەی رووداوە ئەتۆمییەکان لەجیهاندا بە هۆی هەڵەی مرۆییەوە روویانداوە یاخود ئاڵۆزتر بوون، ئەوا ئەم سیاسەتانەی ئێران ئەگەری روودانی کارەساتێکی مرۆیی زیاتر دەکەن. ئەوەش کە کارەکان خراپتر دەکات، ئەوەیە سزا نێودەوڵەتییەکان ئێرانیان بێبەش کردووە لەو یارمەتییە ئەتۆمییەی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم پێشکەشی دەکات، رێگایشیان نەداوە زانا ئێرانییەکان بەشدار ئەو وۆرکشۆپانەی سەلامەتی بکەن کە ئاژانسەکە رێکیان دەخات.

هەروەها پابەندبوونی ئێرانیش بەو رێککەوتنە نێودەوڵەتیانەی پێوەرەکانی سەلامەتی و ئاسایش دیاری دەکەن لە بواری تەکنۆلۆجیای ئەتۆمیدا، مایەی نیگەرانییە. چونکە ئێران تائێستا نەچۆتە نێو رێککەوتنی سەلامەتی ئەتۆمی و رێککەوتنی هاوبەش سەبارەت بە سەلامەتی ئیدارەدانی سووتەمەنی بەکاربراو و سەلامەتی ئیدارەدانی پاشەڕۆ تیشکاوەرەکان. چونکە ئەم رێککەوتنانە سیستمێکی چاودێری هاوبەش دروستدەکەن کە پێوەرە نێودەوڵەتییەکان دیاری دەکەن سەبارەت دەستنیشانکردنی شوێنی کوورەکان و دیزاینیان و بیناکانیان و کارپێکردنیان، جگە لە هەڵسەنگاندنی سەلامەتیشیان. ئەم سیستمەش لایەنەکانی پابەند دەکات بە پێشکەشکردنی راپۆرت سەبارەت بە پێشکەوتنەکان «بۆئەوەی لەلایەن هاوتاکانیانەوە پێداچوونەوەیان بۆ بکرێت». ئێرانیش ناکۆکیەکانی ئێستای لەگەڵ ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم تێکەڵ بە پەسەندکردنی ئەم رێککەوتنانە دەکات.

لەگەڵ کارپێکردنی کـووره‌ی بوشەهریشدا ئێران تەنیا وەڵاتی ئەتۆمی دەبێت کە ڕێککەوتنی سەلامەتی ئەتۆمی ئیمزا نەکردبێت. حکومەتی ئێرانیش ڕێککەوتنی ئاگادارکردنەوەی پێشوەختی لە ڕوودانی ڕووداوی ئەتۆمی و ڕێککەوتنی یارمەتیدان لە کاتی ڕوودانی ڕووداوی ئەتۆمی پەسەند کردووە، بەڵام لایەن نییە لە هیچ یەکێك لە ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکانی سەلامەتی ئەتۆمیدا وەك ڕێککەوتنی پاراستنی ماددی مادده ئەتۆمییەکان و ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی بۆ سەرکوتکردنی کاری تیرۆری ئەتۆمی.

سـەرەڕای ئـەوەش کە دەکرێت سیاسەت لە هەندێك کاتدا باز بەسەر بنەماکانی سەلامەتی ئەتۆمیدا بدات، ئەوا ڕەنگە هەر ڕووداوێك کاریگەری سیاسی گەورەی هەبێت. چونکە پێش چارەکە سەدەیەك، کارەساتە ئەتۆمییەکەی چێرنۆبڵ بووە ڕووداوێکی سیاسی زۆر گرنگ و کاردانەوەی دیکەی هەبوو کە هەرەسهێنانی یەکێتیی سۆڤێتی خێراتر کرد. هەوڵەکانی ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ماددەی تیشکاوەر و پاککردنەوەی ئەو ناوچە دوورەدەستانەی دووچاری پیسبوون هاتبوون، 500 هەزار کرێکاری ویست و تێچوونەکەشی 18 ملیار دۆلاربـوو، ئیمراتۆریەتی سۆڤێتیش هەرگیز لەو ڕووداوە دەربازی نەبووە.

## کاریگەرییەکان لەسەر ئاستی سیاسەتەکان چوارچێوەی سیاسی (2009 تا ئێستا)

لەگەڵ سەرکەوتنی باراك ئۆباما سەرۆکی ئەمریکا لە هەڵبژاردنی ساڵی 2008 و بەڵیندانی بەوەی سیاسیانە مامەڵە لەگەڵ ئێران بکات، هیواکانی چارەسەرێکی ئاشتیانەی قەیرانی ئەتۆمی ئێران، بوژانەوە. ئۆباما زیاتر لە هەر سەرۆکێکی ئەمەریکا لە شۆڕشی ئێرانەوە لە ساڵی 1979 ، بەکردار هەوڵیدا زمانی باو لە پەیوەندیەکانی ئەمەریکا – ئێران و چوارچێوەی ئەم پەیوەندییانە بگۆڕێت. بە لەبەرچاو گرتنی کاریگەری ئێرانیش لەسەر

ئاستەنگە سەرەکیەکانی بەردەم سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا – بە تایبەتی لە ئەفغانستان و عێراق و ئاشتی عەرەب – ئیسرائیل و تیرۆر و ئاسایشی وزە و بڵاوبوونەوەی ئەتۆمی کە هەنووکەییترینیانە – وادیارە ئۆباما گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی فەرامۆشکردنی ئێران چیتر بژاردەیەکی بەردەست نییە. پێشدەچێت لێدانی ئێران ئەم مەسەلانە ئاڵۆزتر بکات، هــەروەك مامەڵە کردن لەگەڵ ئێران - پێشتر – دەستکەوت بووە بۆ هەردوولا. رەنگە هەوڵێکی سەرکەوتووش – بەم ئاڕاستەیەدا – یارمەتیدەر بێت لە گەیشتن بە کرانەوەیەك (ئەگەر لێکنزیکبوونەوەش نەبێت)، لە کاتێکدا هەر هەوڵێکی نا سەرکەوتوو، سووربوونی نێودەوڵەتی بەهێزتر دەکات.

هەر لە وتارەکەیەوە لە ئاهەنگی دەستبەکاربوونی لە کانونی دووەم 2009دا، ئۆباما لە ئاماژەیەکی شاراوەدا بۆ ئێران، ئامادەیی دەربڕی بۆ «دەستدرێژکردن ئەگەر ئێوە ئامادەبن مستتان شل بکەن». دوای ئەوە بە دوو مانگ و بە بۆنەی سەری ساڵی نوێی ئێرانییەوە، ئۆباما کاسێتێکی ڤیدیۆیی تۆمارکرد کە تێیدا سـڵاوی بۆ هەریەك لە گەلی ئێران و سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران نارد، کە ئەوەش بە دانپێدانانێکی زیرەکانە دانرا، بەڵام بێ پێشینە بوو لە سروشتی رژێمی ئێراندا. لە تێزە ئاشکراکانی ئۆباما گرنگتر، دوو نامەی تایبەت بوو کە بۆ رابەری باڵا عەلی خامنەئی نووسیبوونی و روونی کردبووەوە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پرۆسەیەکی بنیاتنانی متمانەی بەلاوە گرنگە کە دەکرێت رێگا بۆ ئاشتبوونەوە خۆش بکات. بەڵام رابەری باڵای ئێران بەردەوام بوو – بە ئاشکرا و لە وەڵامە نووسراوەکەیدا - لەسەر جەختکردنەوە لە تاوانەکانی پێشووی ئەمەریکا، لەبری دەرفەتەکانی هاوکاریکردن لە ئایندەدا.

ئەگەری گەیشتن بە چارەسەرێکی دانوستان لەسەرکراو زیاتر پاشەکشێی کرد، کاتێك ئێران بـەرەو ئاڵۆزی چوو لە دوای دووبـارە هەڵبژاردنەوەی جێمشتومڕی ئەحمەدی نەژاد لە ئازاری 2009دا، کە

ئەوەش گەورەترین نارەزایی سیاسی لە ئێران لەدوای شۆڕشی ساڵی 1979وە وروژاند. لەگەڵ ئەوەشدا ئیدارەی ئۆباما بەجدی بەردەوام بوو لە هەوڵدان بۆ چارەسەرێکی دانوستانئامێز. لە یەکێك لە کۆبوونەوەکانیش دا لە نێوان ئێران و کۆمەڵەی «1+P5» (پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و ئەڵمانیا) لە تشرینی یەکەمی 2009 لە جنێڤ، دانوستانکارە ئێرانی و ئەمەریکییەکان بۆ یەکەمجار وتووێژی ئەتۆمییان کرد. ئێرانیش لەڕووی بنەماوە رازیبوو بە ئاڵوگۆڕی %80ی عەمباری یۆرانیۆمی نزم پیتێندراو بە ستوونی سووتەمەنی بۆ کوورەی توێژینەوەی تاران. بەڵام لەماوەی چەند رۆژێکدا، ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆ لە ئێران رێککەوتنەکەی شکست پێهێنا. هەروەها هەوڵەکانی روسیاش لەڤیەننا بۆ رزگارکردنی رێککەوتنەکە لە پاش چەند هەفتەیەك، بێ سوود بوون.

قەیرانە ئەتۆمییەکە جارێکی دیکە سەری هەڵدایەوە کاتێك ئێران لە ئەیلولی 2009دا دامەزراوەیەکی نهێنی پیتاندنی لە فۆردۆ ئاشکرا کرد کە لە قووڵایی زەویدا لە ژێر چیایەکدا لە نزیك قوم دروستکرابوو، ئەویش بە ماوەیەکی کەم پێش ئەوەی باراك ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا و گۆردن براون سەرۆك وەزیرانی ئەو کاتەی بەریتانیا و نیکۆلا سارکۆزی سەرۆکی ئەو کاتەی فەرەنسا، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا بوونی ئەو دامەزراوەیە ئاشکرا بکەن.

لەگەڵ ئەوەی وا دەردەکەوێت کە ئومێد لە چارەسەرێکی مامناوەندی دانوستان لەسەرکراوەدا نییە، هەڕەشەی ئەنجامدانی هێرشی ئەمەریکا و ئیسرائیل بۆسەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران بەشێوەیەکی توندتر زیادی کرد. لە ئابی 2010یشدا ئێران دەستیکرد بە پیتاندنی یۆرانیۆم بەرێژەی %20. لە مایۆی 2010یشدا پاش شەش مانگ لە هەرەسهێنانی رێککەوتنی یەکەمی ئاڵوگۆڕکردنەکە، بەرازیل و تورکیا هەوڵیاندا رێککەوتنەکە بژێننەوە لەو شێوەیەدا کە پێی دەوترێت «راگەیاندنی تاران» و ئێران

ئیمزای کردووە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئێران لەو ماوەیەی رابردوودا عەمبارەکەی لە یۆرانیۆمی نزم پیتێندراو دوو هێندە زیادکردبوو، بۆیە کۆمەڵەی «1+5» پێشنیارەکەی رەتکردەوە لەسەر بنەمای ئەوەی بڕگەکانی بەس نین.

پاش چەند هەفتەیەك، توندترین سزای نەتەوەیەکگرتووەکان لەدژی ئێران گیرایەبەر بەپێی بڕیاری ژمارە 1929. لە کاتێکیشدا کە روسیا و چین و هەندێك لە دەوڵەتانی ئەوروپا تەگەرەیان بۆ سەپاندنی سزای توندتر لەسەر ئێران لە سەردەمی جۆرج دەبلیو بوشدا دورستکرد، بەڵام ئەوانیش بەرە بەرە گەیشتنە ئەو باوەڕەی ئێران تەگەرەی هەرە گەورە بوو، نەك نەبوونی ئارەزووی مامەڵەکردن لەلای ئەمەریکا، هەروەها رەنگە بەرهەڵستیکردنی سزاکان ئەگەری ئەنجامدانی هێرشی سەربازی ئەمەریکا و ئیسرائیل زیاتر بکات. بەمشێوەیە پشتیوانی نێودەوڵەتی لەپشت هەوڵەکانی ئیدارەی ئۆباما بۆ دامەزراندنی سیستمێکی سزا، زیاتربوو کە قەبارە و قووڵییەکەی هەموو پێشبینییەکان تێبپەڕێنێت، بە هۆی هاندانی کۆنگرێسیشەوە کە سەبری نەمابوو، ئیدارەی ئۆباما گشتگیرترین سزای ئەمەریکای لە ماوەی زیاتر لە یەك دەیەی رابردوودا بەسەر ئێراندا سەپاند. هەروەها یەکێتیی ئەورپاش هەمان هەنگاوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای هەڵگرت لە گرتنەبەری رێوشوێنی توندترو دڵرەقانەتردا.

دوو خولی دیکەی دانوستانی نێوان ئێران و کۆمەڵەی «1+5» لە جنێڤ و ئەستانبوڵ لە کانونی یەکەمی 2010 و کانونی دووەمی 2011 لەسەر یەك شکستیان هێنا. سەعید جەلیلی سەرۆکی وەفدی دانوستانکاری ئێران رایگەیاندبوو کە هەڵگرتنی تەواوی سزاکان و دانانان بە مافی ئێران لە پیتاندن، دوو مەرجی پێشوەختن بۆ دانوستان، ئەوەش خاڵێکی دەستپێکی قبوڵکراو نەبوو بە لای خۆرئاواوە. ئەو هەنگاوەش 15 مانگ لە راوەستانی دیپلۆماسی بە دوادا هات کە چەندین کوشتنی شاراوە و سزا و کاری تێکدەرانەی تێکەوت.

ساڵی 2011 لەگەڵ راپۆرتەکەی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمدا کۆتایی هات کە نەرێنیترین راپۆرت بوو سەبارەت بە مەودای سەربازی پێشبینیکراوی بەرنامە تۆمییەکەی ئێران. لە پاشکۆیەکی 14 پەڕەییشدا، ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم بەوردی تۆمەتەکانی باس کردبوو، بەوەی تاران پێش ساڵی 2003 تاقیکردنەوەی بە تەکنیکی هەستیار ئەنجامداوە بۆ پەرەپێدانی کڵاوەی جەنگی، ئاژانسەکە هۆشیاری ئەوەشی دا کە رەنگە هێشتا هەندێك چالاکی لە ئارادابن.

راپۆرتەکە رێگای خۆش کرد بۆ سەپاندنی سزای توندتر و کەنەدا و بەریتانیاش بایکۆتی بانکی ناوەندی ئێرانیان کرد، ئەو هەنگاوەش کۆتوبەندی ئەمریکای لەسەر هەناردەی نەوتی ئێران بەدوادا هات.

لە ساڵی 2012یشدا رێچکەی گوشارخستنەسەر ئێران بە تەواوی هێزیەوە بەردەوام بوو، لەمانگی کانونی دووەمیشدا، یەکێتیی ئەوروپا ئابڵوقەیەکی نەوتی پلە بەپلەی خستەسەر ئێران و لە تەمموز 2012وە بە شێوەیەکی کارا هەموو هەناردەیەکی نەوتی ئێران بۆ دەوڵەتانی یەکێتییەکە راوەستا. لە جووڵەیەکی تۆڵەئامێزیشدا، ئێران بەرهەمی مانگانەی لە یۆرانیۆمی پیتێندراو بەرێژەی 20% بە بڕی سێ هێندە زیاد کرد. لە مانگی ئابیشدا لەژێر گوشاری دەوڵەتانی خۆرئاوادا «سویفت» (SWIFT) کە گرنگترین سەنتەری قەرەبووکردنەوەی داراییە لە جیهاندا، رەزامەندی لەسەر دەرکردنی ئێران لە تۆڕەکەی دەربڕی. لە وەڵامی ئەوەشدا، ئێران ژمارەیەك «دەستکەوت»ی ئەتۆمی راگەیاند لەوانە بەستنەوەی کوورەی ئەتۆمی بوشەهر بە تۆڕی کارەبای نیشتمانییەوە و پڕکردنی کوورەی تاران بۆ توێژینەوە بە ستوونی سوتەمەنی دروستکراوی ناوخۆ و ئاشکراکردنی نەوەیەکی نوێ لە ئامێرەکانی دەرکردنی ناوەندی کە لە ناتانز خرانەکار.

لە کاتێکیشدا کە هەردوولا رازیبوون بە دەستپێکردنەوەی وتوێژەکان لە بەهاری ساڵی 2012دا، بەڵام خولێکی نوێی دیپلۆماسیەتی ئەتۆمی

لە چوارچێوەی بۆتە کۆنەکەی بێمتمانەیی و بەهەڵە لێکتێگەیشتن لە نێوان ئێران و خۆرئاوادا، بەڕێوەچوو. هەردوولا چوونە وتووێژەوە و هەر یەکەشیان باوەڕی وابوو کە باڵادەستە. وەکو لە ئاوێنەش بڕوانن، هەریەکەیان بایەخدانی نوێی لایەنی بەرامبەریان بە ڕێگەی دیپلۆماسی، وەك لاوازی و هەوڵێك بۆ خۆلادان لە ئاڵۆزی لە کاتە مەترسیدارەکاندا، دەبینی. یەکەم کۆبوونەوە لە ئەستانبوڵ لە نیسانی 2012دا جەختی لەسەر شتی بێ بەها کردەوە. خولی دووەمیش لە بەغدا لە ئازاری، ئاڵوگۆڕکردنی پێشنیارە ڕەسمییەکانی هەردوولای بەخۆوە بینی. کە لە بنەڕەتدا لە لێدوانی سەرەتایی پشتبەستوو بە داواکاری زیادەڕەوانە، پێکدەهاتن. هەردوولا نەگەیشتنە ڕێککەوتن، تەنیا ئەوە نەبێت کە بڕیاردرا جارێکی دیکە لەسەر ئاستی شارەزایانی تەکنیکی کۆببنەوە. دوو کۆبوونەوەش لەسەر ئەو ئاستە نزمترە ئەنجامدران، دوای ئەوەش ڕاوەستانێکی بەدواداهات کە ماوەی هەشت مانگی خایاند. دوای ئەوە لە ئابی 2013دا دانوستانەکان لە کازاغستان دەستپێکرانەوە.

## ڕێگا بەرەو پێشەوە

یەکێك لەو ئاستەنگە سیاسییە دەرەکییە سەرەکییانەی ڕووبەڕوی ئۆباما دەبێتەوە لە ماوەی دووەمی سەرۆکایەتیدا، مامەڵەکردنە لەگەڵ قەیرانی ئەتۆمی ئێران، لە کاتێکدا هەمووان خۆبەدووردەگرن لە ئاگرێکی سەربازی دیکە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا. لە کاتێکیشدا بەرپرسانی ئەمەریکا سوورن لەسەر هەڵوێستەکەیان سەبارەت بەوەی هێشتا دەبێت تاران بڕیارێك بدات لەبارەی ئەوەی کە ئایا چەکی ئەتۆمی بەرهەم دەهێنێت یان نا، ئۆباما سەرۆکی ئەمەریکا لە ویلایەتی یەکەمیدا ڕوونیکردەوە کە ئەگەر بژاردەیەکی دوولایەنەی بێتە بەردەم – بۆردومانکردنی ئێران یان ڕێگەپێدانی بۆ بەدەستهێنانی بۆمب – ئەوا یەکەمیان هەڵدەبژێرێت. بەلەبەرچاوگرتنی کاریگەرییە گەورە پێشبینیکراوەکانی هەر یەکێك لەو

دوو دەرئەنجامە ناپەسەندەش – لەسەر ئابووری جیهان و سەقامگیری هەرێمایەتی و یاسای نێودەوڵەتی و هەڵوێستی ئەمەریکا لەجیهان و خۆشگوزەرانی هەزاران ئێرانی – پێویستە هەموو هەوڵێك بدرێت بۆ خۆبەدوورگرتن لەوبژاردەیە کە شکستی بۆهەمووان تێدایە. وەك دەستپێکیش، کارێکی بەسوودە گەشتی ئەتۆمی دوورودرێــژی ئێران هەڵبسەنگێندرێت کە بەدرێژایی پێنج دەیەیە بەردەوامە.

بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران ریشەی قووڵی هەیە و ناکرێت «کۆتایی پێبهێنرێت» یان «بڕوخێندرێت». هەروەك تێکەڵکراوە لەگەڵ بڕێکی زۆر لەشانازی نیشتمانی – ئەگەرچی گومڕاکردنیش بێت – لەگەڵ خەرجییەکی نادیاردا. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو زانین و شارەزاییە ناوخۆییەی ئێستا وڵاتەکە هەیەتی، ئەوا تەنیا چارەسەری دوورمـەودا بۆ مسۆگەرکردنی مانەوەی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران بە شێوەیەکی تەواو ئاشتیانە، ئەوەیە چارەسەرێکی دیپلۆماسی بدۆزرێتەوە لایەنە پەیوەندیدارەکان قبوڵیان بێت.

رووکارەکانی ئەمجۆرە رێککەوتنە بەشێوەیەکی روو لەزیادبوو روونبوونەتەوە. پێویستیشە هەر رێککەوتنێك پابەندبوونی ئەوە لەلایەن ئێرانەوە لەخۆبگرێت کە چەند تاقیکردنەوەیەکی دیاریکراو ئەنجام نەدات و چەند پێکهاتەیەکی دیاریکراویش هاوردە نەکات و هیچ چالاکییەکی دیکە نەکات گرنگ بێت بۆ دروستکردنی بۆمبی ئەتۆم کە نەگونجاوبێت لەگەڵ بەرنامەیەکی ئەتۆمی ئاشتیانەدا. ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمیش بە کـرداری هەندێك لە پێوەرەکانی پڕچەککردنی ئەتۆمی دیاریکردووە و دەکرێت پێوەری دیکەش دیاری بکرێن. هەروەها داواش لە تاران دەکرێت لێدوانە ئایینییەکانی رابەری باڵای کارا بکات سەبارەت بەوەی ئێران هەوڵی بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆم نادات.

دەکرێت دانانی سنوورێکی ورد و رێککەوتن لەسەرکراو لەنێوان بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران و بەرنامەیەکی چەکی ئەتۆمدا دواتر

متمانەیەکی قبوڵکراو بهێنێتەئارا سەبارەت بە ئەگەری بەردەوامبوونی ئێران لە پیتاندنی یۆرانیۆم بۆ ئاستی کوورەکانی وزە (خوار 5%). سەرباری ئەوەش، بۆ شەرمەزارنەبوون لە ناوخۆدا، بەردەوامبوونی پیتاندن هێزێك بە سەرکردەکانی ئێران دەبەخشێت کە ڕێگە نادات بە پاشگەزبوونەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە بەڵێنەکانی. ئێران بـژاردەی بەرزکردنەوەی ئاستی پیتاندنی لەبەردەستدا دەبێت وەك وەڵامێکی تۆڵەسەندنەوە لە کاتێکدا ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و دەوڵەتانی دیکە پابەندی بەشی خۆیان لە هەر ڕێککەوتنێکدا نەبوون.

هەروەها ڕێککەوتنێکی لەمجۆرە پێویستی بـەوە هەیە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و یەکێتیی ئەورووپا سزا هەرە توندەکان سووك بکەن، بەتایبەتی ئەوانەی بانکی ناوەندی ئێران و فرۆشتنی نەوتیان کرۆدتە ئامانج.

بەدڵنیاییەوە چەندین ئەندامی کۆنگرێسی ئەمەریکا بەردەوام دەبن لەسەر داواکاری بێبەشکردنی ئێران لە بەدەستهێنانی «هەر توانایەك»ی بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆم. ئەگەرچی زۆرجار ئەو داواکارییە ناڕوونیش بێت، بەڵام دیـارە ئەمجۆرە هەڵوێستانە پێویستی بەوە هەیە ئێران «کۆتایی بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی بهێنێت»، ئەمەش مانای ڕاگرتنی هەموو پرۆسەکانی پیتاندنی یۆرانیۆم دەگەیەنێت. ئەمەش بە کرداری بارێکی نموونەیی دەبێت، بەڵام لە ڕوانگەی ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ئەتۆمیەوە، جەوهەری نییە. بەرنامەی پیتاندنی ئێران لە قەبارە و مەودایدا سنوردارە، بەم پێیەش دەکرێت بەهۆی گەرەنتییە بەهێزەکانی ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمەوە چاودێری بکرێت. لەوەش گرنگتر، لەڕووی کردارییەوە دەرفەتێك لەئارادا نییە تا ئێران دەستبەرداری ئەوە ببێت کە خۆی و چەندین دەوڵەتی تازەپێگەیشتوو ئێستا سوورن لەسەر ئەوەی مافی تارانە، کە ئەویش مافی پیتاندنە. پێش هەموو ئەوانەش، مێژوو سەلماندوویەتی کە ڕێککەوتنە نادادپەروەرەکان، دروستکەرانی نادڵسۆزی ڕێککەوتن بەرهەم دەهێنن.

هەروەها بە درێژایی ساڵان ئەوە روونبووەتەوە کە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران، فرە مەودایە. لەگەڵ ئەوەشدا، هەر لە سەرەتای قەیرانە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە، مەترسی بڵاوبوونەوەی ئەتۆمی، بەڕوونی باڵی بەسەر مەوداکانی دیکەی بەرنامەکەدا کێشا. دەکرێت گفتوگۆکردن لەبارەی گۆشەنیگاکانی تێچوون و سوودی سیاسەتی ئەتۆمی ئێران و سەلامەتی و ئاسایشی دامەزراوە ئەتۆمییەکانی، هەروەها بژاردەکانی وزەی جێگرەوە، گفتوگۆ و رێگە دیپلۆماسییەکان فراوان بکەن. بەوپێیەش کە ئەم بابەتانە لایەنی سیاسیان کەمترە، ئەوا بوار دەدات بە هەریەك لە دانوستانکار و ئەو لایەنە ناوخۆییانەی نوێنەرایەتیان دەکەن، لە گۆشەنیگایەکی کەمتر ئایدیۆلۆژی و سۆزدارییەوە سەیری ئەم مەسەلانە بکەن.

لە دانوستانەکانی دواتری نێوان ئێران و کۆمەڵەی «5+1» هەوڵی سەرەتایی هەبوون بۆ خستنەڕووی هاوکاری لە بواری سەلامەتی ئەتۆمیدا وەك هاندەرێك بۆ تاران. خستنەڕووی ئەم مەسەلەیە و ئەو مەودایانەی دیکە کە تائێستا ئاوڕیان لێنەدراوەتەوە، دەتوانن «پێکەوەیی چارەنووسەکان» لە نێوان یاریزانە سەرەکییەکاندا پتەوبکەن، ئەمەش دەرفەتی دوورکەوتنەوە لە يارییە سفرییەکان و رەخساندنی دەرفەت بۆ دەستکەوتی هاوبەش زیاد دەکات. بەڵام دەبێت بوارە چاوەڕوانکراوەکانی هاوکاری بەڕوونی دیاری بکرێن، هەروەها دەبێت پاڵنەری بەرجەستەکراو پێشنیار بکرێت لەبەرامبەر تەنازولکردنی ئێران کە لێی دڵنیابن. هەروەك دەبێت بەشێوەیەکی جدیانەتر درێژە بە دەستپێشخەری هاوکاری بدرێت سەبارەت بە سەلامەتی و ئاسایشی ئەتۆمی و بەشێوەیەکی رێکخراوتر بەکاربخرێت و بەشێوەیەکی روونتر شیبکرێتەوە. بوارێکی دیکەی بەردەست هەیە بۆ پشتیوانیکردنی چەمکی هاوکاریکردن کە ئەویش وزەی نوێبووەیە. پێشکەشکردنی یارمەتی لەم بوارەدا پێچەوانەی وتەی «بێبەشکردن لە تەکنۆلۆجیای پێشکەوتوو»ە، پێشینەیەکی ئەرێنیش

دەچەسپێنێت بۆ ئەو وڵاتە تازەپێگەیشتووانەی دیکە کە خواستی وزەی ئەتۆمیان هەیە، بواریش دەدات بە هەردوولا ڕێگایەك بگرنەبەر دەرفەت بڕەخسێنێت بۆ دەربازبوون لەم ڕەوشەی ئێستا و لە هەمانکاتیشدا شەرمەزاریشیان نەکات.

لەماوەی چەندین ساڵی ڕابردوودا سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە شێوەیەکی سەرەکی لە پەیڕەوکردنی گوشاری زۆر و هەمەلایەن لەسەر ئێران چڕکرابووەوە لە پێناو ناچارکردنی سەرکردایەتی کۆماری ئیسلامی و زۆرلێکردنی تا جڵەوی بەرنامە ئەتۆمییەکەی بکات. سەرەڕای کێشە ئابورییە رووڵەزیادبووەکانی تارانیش، بەڵام ئاماژەی لاوازیش لە ئارادا نەبوون سەبارەت بە ئامادەیی سەرکردایەتی ئەو وڵاتە تا ڕێچکەی خۆی بەشێوەیەکی جەوهەری بگۆڕێت. هەروەها تا ئێستاش گوشارێکی ناوخۆیی نییە ناچار بەوەی بکات. بەڵام گەلی ئێران بەکرداری بەدەست هەلومەرجێکی ئابوری ئاڵۆزەوە دەناڵێنێت لە ئەنجامی باری ئاڵۆزی ئابوریدا بەهۆی قەیرانەکەوە. لەسایەی نەبوونی راپرسی باوەڕپێکراویشدا مەحاڵە ڕێژەی ئەو ئێرانیانە دیاری بکرێت کە تا ئێستاش پشتیوانی بەرنامەی ئەتۆمی وڵاتەکەیان دەکەن، کە ئەویش پێویستە هاوشێوەی سیاسەتە ئەتۆمییەکانی ئێستای حکومەت بێت.

رەخنەگرتنی ئاشکرا لە بەرنامە ئەتۆمییەکە بە تەواوی سەرکوتکراوە، چونکە رۆژنامەکان فەرمانیان پێکراوە بێدەنگ بن. هەروەك حکومەتەکانی خۆرئاواش تاڕادەیەکی زۆر رای گشتییان لەئێران فەرامۆش کردووە. لە ئەنجامی ئەوەشدا، ئەگەرچی گەلی ئێران گرنگترین لایەنە کە بەرژەوەندی لەم مەسەلەیدا هەبێت، یەڵام پەراوێزخراوە، هەروەها بەرژەوەندی و خواستەکانی ئەو گەلە رۆڵێکی لاوەکییان گێڕاوە لە هەریەك لە دارایی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و حکومەتی ئێراندا.

لەلایەك، لەڕێی زیادەڕەوی سەرکردایەتی ئێران لە قۆستنەوەی کەرامەتی نیشتمانی سەبارەت بەوەی پەیوەندی بە پاساوهێنانەوە بۆ

خواستە ئەتۆمییەکان هەیە، وایکردووە هەر پاشەکشێیەکی گەورەی ئەتۆمی یەکسان بێت بە خۆبەدەستەوەدان، ئەگەر خۆکوشتنی سیاسیش نەبێت. لەلایەکی تریشەوە، جەختکردنەوەی زۆری واشنتۆن لەسەر ناچارکردن و هەڕەشەی سەربازی، بڕیار دروستکەرانی ئەمەریکا ی خزاندۆتە گۆشەیەکی وتاربێژی و لێدوانەکانی حکومەتی ئێرانیشی بەهێز کـردووە کە «نیشتمانپەروەری نەرێنی» دەقۆزێتەوە، چونکە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەك هێزێکی کۆلۆنیالیستی زۆردار وێنا دەکات کە هەوڵی ڕێگرتن لە پێشکەوتنی ئێران دەدات لەڕێی بێبەشکردنی لە تەکنۆلۆژیای پێشکەوتووی ئەتۆمییەوە. لە کاتێکیشدا کە بەرپرسانی ئەمەریکا و ئەندامانی کۆنگرێس باسی «سزای لەکارخەر» دووبــارە دەکـەنـەوە، ئـەوا بە دەگمەن هـەوڵـدەدەن قەناعەت بە ئێرانییەکان بهێنن، پەیڕەوێکی ئاشتەوایتر بگیرێتەبەر لەڕێی پیشاندانی تێچوونی زۆری سیاسەتی ئەتۆمی وڵاتەکەیان و سوودە چاوەڕوانکراوە زۆروزەوەندەکانیەوە.

بە چاوپۆشین لە ئاستەنگە ئابورییەکان، پێناچێت گەلی ئێران لە ستراتیجی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا تێبگات تا واشنتۆن وەڵامی پرسیارە سەرەکییەکان نەداتەوە: ئێرانییەکان بەکۆمەڵ چیان دەستدەکەوێت لە چارەسەرێکی ئەتۆمی، جگە لە کەمکردنەوەی سزاکان و هەڕەشەی جەنگ؟ چۆن ڕێچکەیەکی ئێرانی ئاشتەوایتر ئابووری وڵات باش دەکات و توانا تەکنۆلۆجییەکانی پەرەپێدەدات، بە توانای ئەتۆمیشەوە؟ دەبێت هەوڵە دیپلۆماسییە جەماوەرییەکانی ئەمەریکا ئەوە بۆ ئێرانییەکان روون بکاتەوە کە ئێرانێکی گەشەسەندوو و یەکگرتوو – بەپێچەوانەی ئێرانێکی لاواز و پەراوێزخراو – بە بەرژەوەندی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دادەنرێت.

هەڵمەتێکی دیپلۆماسی جەماوەری ئەمەریکی کاریگەرتر، مەرجە تەنیا پەیامێکی باشی لەگەڵدا نەبێت، بەڵکو مەرجە ئامرازێکی گەیاندنی

باشتریشی هەبێت. «تۆڕی هەواڵی زمانی فارسی» (Persian News Network)ی سەر بە «دەنگی ئەمەریکا» - کە مەزەندە دەکرێت بگاتە نزیکەی 20 ملیۆن ئێرانی - بۆ ماوەیەکی زۆر گیرۆدە بوو بەدەست خراپ بەڕێوەبردن و جۆری بەرنامەی خراپەوە. بینەرانی ئەم تۆڕە لەلایەن تۆڕی کەناڵی ئاسمانی دیکەوە راکێشران کە سەرچاوەی بودجەیان وەکو هی ئەو یاخود زۆر کەمتریش بوو لە بودجەی «تۆڕی هەواڵی زمانی فارسی» کە بە 20 ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت. ئەوەش کە لەم چوارچێوەیەدا ئاماژەی خۆی هەیە، ئەوەیە باراك ئۆباما سەرۆکی ئەمەریکا لە ئەیلولی 2010دا لەڕێی چاوپێکەوتنێکەوە لەگەڵ «بی بی سی فارسی» پەیوەندی لەگەڵ گەلی ئێران بەست لەبری «تۆڕی هەواڵی زمانی فارسی (PNN). ئێستاش گۆڕینی تۆڕی هەواڵی زمانی فارسی بۆ تۆڕێکی هاوبەشی نێوان هەردوو کەرتی تایبەت و گشتی، هاوشێوە «بی بی سی» (BCC) بۆتە کارێکی پێویست تا لەو بیرۆکراسیە حکومییە وشکەوە بیگۆڕێت بۆ ئامڕازێکی میدیایی کە لەگەڵ سەدەی بیست و یەکەمدا بگونجێت.

لەم قۆناغەدا، دیارە کات هێشتا گونجاو نییە بۆ نزیکبوونەوەی واشنتۆن و تاران، بۆیە پێویستە هەردوولا رێگەی گەڕان بەدوای کرانەوەیەکدا هەڵبژێرن. پاش 34 ساڵ لە کەڵەکەبوونی بێمتانەیی و نیازخراپی، لە سایەی نەبوونی چارەسەرێکی سیاسی فراوانتردا لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئێران، تا رادەیەکی زۆر پێناچێت بگەنە چارەسەرێکی تەواو بۆ قەیرانە ئەتۆمییەکە. پێویستیشە هەردوو دەوڵەتەکە کەمێك لە لێواری خەرەندی رووبەڕووبوونەوە بچنە دواوە و سەرلەنوێ هەڵوێست و بنەماکانیان هەڵبسەنگێننەوە و رێگەیەکی نوێی داهێنراو بگرنەبەر درك بەو راستییە بکات کە ئاگرێکی سەربازی، کارەسات دەبێت بۆ هەموو لایەنەکان.

**پاشکۆ**

**خشتەی زەمەنی وێستگەی ئەتۆمی بوشەهر**

| ساڵ | ڕووداو |
|---|---|
| ١٩٧٤ | کۆمپانیای کرافت یونیۆنی ئەڵمانی ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر دروستکردنی وێستگەی بوشەهر بۆ وزەی ئەتۆم |
| ١٩٧٥ | کارکردن لە وێستگەکە دەستی پێکرد |
| ١٩٧٦ | گرێبەستی ڕەسمی ئیمزاکرا |
| ١٩٧٨ | ٨٥٪ی کوورەی یەکەم و ٥٠٪ی کوورەی دووەم تەواو کرا |
| ١٩٧٩ | کارکردن هەڵپەسێردرا |
| ١٩٨٢ | ژووری بازرگانی جیهانی بڕیاری دا کە دەبێت کۆمپانیاکانی ئەڵمانیا ٨٠ هەزار پارچە کەلوپەل هاوردە بکەن بۆ وێستگەی کوورەی بوشەهر |
| ١٩٨٤ | ئەڵمانەکان لێکۆڵینەوەیەکیان بۆ سوودەکانی دەستپێکردنی کارەکە کرد |
| ١٩٨٥ | عیراق دووجار بە هێرشی ئاسمانی بوشەهری کردە ئامانج |
| ١٩٨٦ | عەبدولقەدیرخان باوکی بەرنامە ئەتۆمییەکەی پاکستان سەردانی بوشەهری کرد<br>عیراق هێرشی کردە سەر کوورەی بوشەهر |
| ١٩٨٧ | عیراق دوو جار هێرشی کردە سەر کوورەی بوشەهر |
| ١٩٨٨ | عیراق دوا هێرشی کردە سەر بوشەهر بەرلەوەی شەڕ ڕابگیرێت |
| ١٩٨٩ | ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی سەرۆکی ئێران سەبارەت بە هاوکاری ئەتۆمی وتووێژی لەگەڵ هاوتا ڕوسییەکەی کرد |
| ١٩٩٢ | ئێران و ڕوسیا ڕێککەوتنی هاوکاری ئەتۆمییان ئیمزاکرد |
| ١٩٩٤ | بۆ یەکەمجار پسپۆڕە ڕوسەکان گەشتیان بە ناو وێستگەی بوشەهردا کرد |
| ١٩٩٥ | کارکردن دەستی پێکردەوە |
| ١٩٩٨ | ئۆکرانیا فرۆشتنی دوو تۆربینی ڕەتکردەوە بۆ بەکارهێنانیان لە وێستگەی بوشەهردا<br>ڕوسیا پاشکۆیەکی بۆ ڕێککەوتنە سەرەکییەکە زیادکرد بەمەبەستی دوورخستنەوەی بەڵێندەرە ئێرانییە لاوەکییەکان |
| ١٩٩٩ | ئێران ڕەزامەندی لەسەر دوا کۆپی دیزاین و تایبەتمەندییە ڕوسییەکانی وێستگەی بوشەهر دەربڕی |
| ٢٠٠٢ | کارکردن لە بەستنی بەشە قورسەکانی کوورەکە دەستی پێکرد |
| ٢٠٠٥ | ئێران ڕەزامەندی دەربڕی لەسەر گێڕانەوەی هەموو ستوونەکانی سووتەمەنی بەکاربراو بۆ ڕوسیا |
| ٢٠٠٧ | دروستکردنی بینا بەهۆی کەمی پارەوە ڕاوەستا<br>دوای چارەسەرکردنی کێشەی کەمی پارە، ڕوسیا دەستی کرد بە هێنانی سووتەمەنی ئەتۆمی بۆ ئێران |
| ٢٠١٠ | ئێران دەستی کرد بە پێدانی سووتەمەنی بە وێستگەکە<br>لە شوباتی ٢٠١١دا دڵی کوورەکە بەتاڵ کرا لە سووتەمەنی بەهۆی خراپبوونی یەکێک لە چوار ترومپا سەرەکییەکەی سارکردنەوە<br>کۆمپیوتەرەکان لە وێستگەی بوشەهر دووچاری پیسبوون بە ڤایرۆسی "ستەکسنێت" بوون |
| ٢٠١١ | کوورەکە چووە قۆناغێکی یەکلاکەرەوە و کارکرد بە کەمترین ئاستی وزە دەستی پێکرد بەمەبەستی تاقیکردنەوەی بڕیاردانی کۆتایی |
| ٢٠١٢ | کردنەوەی کوورەکە تا ساڵی ٢٠١٣ دواخرا |
| ٢٠١٣ | ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم لە ڕاپۆرتێکیدا داخستنی کوورەکەی ڕاگەیاند |

## کورتەیەک لەبارەی هەردوو نووسەرەوە

عەلی فائیز: نوسەرێکی بەشداربووی ئەم کتێبەیە بەو پێیەی بەڕێوەبەری پرۆژەی ئێرانە لە یەکێتی زانایانی ئەمەریکا کە تا ئازاری 2012 لەو پۆستەدا بووە. ئێستاش وەك گەورە شیکاری ئێران لە گرووپی نێودەوڵەتی قەیرانەکان کاردەکات. وەك زانایەك راهێنانی وەرگرتووە و شارەزایی لە رۆژنامەگەریشدا هەیە بۆماوەی یەك دەیە لەوەشدا وەك پەیامنێرێکی بیانی رادیۆی ئەوروپای ئازاد / رادیۆی لیبرتی لە سویسرا. بەشدارێکی بەردەوامیشە لە ئاژانسە سەرەکییەکانی هەواڵدا. نووسینەکانی لە ژمارەیەك گۆڤار و رۆژنامەدا بڵاودەکرێنەوە وەك هەردوو رۆژنامەی ئینتەرناشیۆنال هیراڵد تریبیۆن و لۆمۆند و هەردوو گۆڤاری زە ئەتلانتیك و فۆرن پۆلسی و هەندێکی دیکەش. لەنێوان ساڵانی 2008 و 2010دا هاوکاربووە لە زانکۆی هارڤارد و بڕوانامەی دکتۆرای لە زانکۆی جنێڤ و ماستەری لە کۆلێجی جۆنز هۆبکنز بۆ لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی بەدەستهێناوە.

کەریم سەجادپور: هاوکارێکی دیاری دامەزراوەی کارنیجیە بۆ ئاشتی نێودەوڵەتی. پێشتر وەك شیکرەوە لە گرووپی نێوەدەوڵەتی قەیرانەکان کاری کردووە کە بارەگاکەی لە تاران و واشنتۆنە. نوسەری کتێبی: خوێندنەوەی خامنەئی: تێڕوانینی جیهان بۆ بەهێزترین سەرکردە لە ئێران-ە. بە زۆری لەسەر شاشەی سی ئێن ئێن و بی بی سی و ئێن بی ئاڕ دەردەکەوێت. هەروەك بابەتی بۆ هەردوو گۆڤاری ئیکۆنۆمیست و فۆن پۆلسی و هەردوو رۆژنامەی واشنتۆن پۆست و نیویۆرك تایمز نووسیوە. لە ساڵی 2007دا کۆڕبەندی ئابوری جیهانی لە داڤۆس ناوی خستۆتە نیاو لیستی سەرکردە لاوەکانی جیهانەوە. سەجادپور هەڵگری بڕوانامەی ما ستەرە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە کۆلیجی جۆنز هۆبکنز بۆ لێکۆڵینەوەی نێودەوڵەتی پێشکەوتوو.

# بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| ژ | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵلا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێک نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن  شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | ڕێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆڵۆز 2 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاکان | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَركة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 82 | داعش و میلیشییاکان | ئەنوەر حسێن | | 2016 |
| 83 | پۆڵ ریکۆر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2016 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 84 | ئاڵتۆسێر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 85 | سپینۆزا | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2016 |
| 86 | پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 87 | دۆرکهایم | ئارام مەحمود - دانا لەتیف جەلال | 2016 |
| 88 | دریدا | ئارام مەحمود | 2016 |
| 89 | لیوتار | ماجد خەلیل | 2016 |
| 90 | لینین1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 91 | لینین2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 92 | ترۆتسکی | پێشڕەو محەمەد | 2016 |
| 93 | بێرتراند راسڵ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 94 | پۆپۆلیزم1 | ب- لیڤا | 2016 |
| 95 | پۆپۆلیزم2 | ب- لیڤا | 2016 |
| 96 | ئەفلاتوون | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 97 | رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | ئاکام بەسیم | 2016 |
| 98 | رۆزا لۆکسۆمبۆرگ | کۆمەڵێك نوسەر | 2016 |
| 99 | کریشنا مۆرتی | شاسوار کەمال | 2016 |
| 100 | تۆتالیتاریزم1 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| | تۆتالیتاریزم2 | ئەرسەلان حەسەن | 2016 |
| 102 | مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست | موصڵح شێخ ئیسلامی | 2016 |
| 103 | سێگۆشەی گڕگرتوو | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2016 |
| 104 | دەروازەیەك بۆ ناسینی جەنگ | هەڵگورد جەلال | 2016 |